# الميراث والزواج في الإمبراطورية الساسانية (٢٢٤-٦٥١ م ) نظام قانوني واجتماعي مترابط

**كاروخ فرج كريم**

أستاذ مساعد في قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الابتدائية، جامعة كرميان

البريد الإلكتروني Email : Karookh.faraj@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الساسانيون، الزرادشتية، قانون الزواج، قانون الميراث، الطلاق.

**كيفية اقتباس البحث**

كريم ، كاروخ فرج ، الميراث والزواج في الإمبراطورية الساسانية (٢٢٤-٦٥١ م ) نظام قانوني واجتماعي مترابط،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

# Mirat and Hausergiri of Sasanida Empire (224-651 AD) Basic system and information about it

**Karukh faraj Kareem**
Assistant Professor, Department of Social Sciences, College of Primary Education, Garmian University

**Keywords** : Sassanians, Zoroastrianism, Marriage Law, Inheritance Law, Divorce.

**How To Cite This Article**
Kareem, Karukh faraj , Mirat and Hausergiri of Sasanida Empire (224-651 AD) Basic system and information about it,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

For over four centuries, Sassanian Persia stood as the dominant power in Asia. Zoroastrianism, patronized by the Shahanshahs, exerted immense influence over the legal, religious, and social foundations of the Empire. Within Zoroastrianism, marriage held a unique significance and status; every Zoroastrian was obligated to marry and establish a family to ensure the perpetuation of the family lineage. This institution functioned within a complex and intricate legal and social framework deeply rooted in Zoroastrian doctrine. In this context, inheritance and marriage did not merely regulate familial relations but served as mechanisms for stabilizing social structures, solidifying class stratification, and ensuring economic and political continuity. In Sassanian thought, marriage was not solely a private relationship but was regarded as a fundamental religious and social obligation.This study provides a detailed analysis of the concepts of inheritance and marriage within the Sassanian Empire (224–651 CE), highlighting the legal and social interrelationships between them. Given that the Sassanian Empire was founded on Zoroastrian principles, this research elucidates the various forms of marriage, the rights and obligations of men and women within the marital framework, and the tenets of inheritance law. Furthermore, it examines the role of

social stratification and status in determining inheritance rights. The primary objective of this study is to demonstrate how these two systems were intertwined to preserve family power and retain wealth within the family unit—a foundational element for the social and economic stability of the Sassanian Empire. The central research questions address the nature of marriage within the Sassanian state: What were the predominant forms of marriage? Which types were most prevalent in Sassanian society, and how did each distinct type impact gender rights and inheritance outcomes?

**الملخص**

لأكثر من أربعة قرون، تربعت بلاد فارس الساسانية على عرش القوة في آسيا، وقد مارست الديانة الزرادشتية –التي حظيت برعاية ودعم "الشاهنشاهات" (ملوك الملوك)– تأثيراً بالغاً على الأسس القانونية والدينية والاجتماعية للإمبراطورية. واحتل الزواج في العقيدة الزرادشتية مكانة وأهمية استثنائية؛ إذ كان كل زرادشتي ملزماً بالزواج وتكوين أسرة لضمان استمرارية السلالة العائلية وبقاء ذكرها. وقد عملت هذه المنظومة ضمن إطار قانوني واجتماعي بالغ التعقيد والتشابك، وذي جذور عميقة في العقيدة الزرادشتية.وفي هذا السياق، لم يقتصر دور نظامي الميراث والزواج على تنظيم العلاقات الأسرية فحسب، بل عُدَّا آليات محورية لاستقرار البنى الاجتماعية، وترسيخ التراتبية الطبقية، وضمان الديمومة الاقتصادية والسياسية. ففي الفكر الساساني، لم يكن الزواج مجرد علاقة شخصية، بل نُظر إليه بوصفه واجباً دينياً واجتماعياً مقدساً. تقدم هذه الدراسة تحليلاً مستفيضاً لمفهومي الميراث والزواج في الإمبراطورية الساسانية (٢٢٤-٦٥١ م)، مسلطةً الضوء على الترابط القانوني والاجتماعي الوثيق بينهما. ونظراً لقيام الإمبراطورية الساسانية على المبادئ الزرادشتية، يستعرض هذا البحث أشكال الزواج المختلفة، وما يترتب عليها من حقوق وواجبات للرجل والمرأة في إطار المؤسسة الزوجية، فضلاً عن بيان أسس قانون الميراث. علاوة على ذلك، تبحث الدراسة في دور التمايز الطبقي والمكانة الاجتماعية في تحديد استحقاقات الميراث. يكمن الهدف الرئيسي لهذه الدراسة في تبيان كيفية تداخل هذين النظامين للحفاظ على نفوذ الأسرة وحصر الثروة داخل الوحدة العائلية؛ إذ عُدَّ ذلك ركيزة أساسية للاستقرار الاجتماعي والاقتصادي للإمبراطورية الساسانية. وتتمحور إشكالية البحث الرئيسية حول طبيعة الزواج في الدولة الساسانية، متمثلة في التساؤلات الآتية: ما هي أشكال الزواج الرئيسية؟ وما هي الأنماط التي كانت أكثر شيوعاً في المجتمع الساساني؟ وكيف أثر كل نمط منها على حقوق كل من الرجل والمرأة وعلى استحقاقات الميراث؟

# میرات و هاوسەرگیری لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا (٢٢٤- ٦٥١ ز.) سیستمێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە گرێدراو

م.ی. کاروخ فرج کریم

مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان

## پوختە

زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ فارسی ساسانی گەورەترین دەوڵەتی کیشوەری ئاسیا بوو، لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا، ئایینی زەردەشتی کە شاهانشاکان پشتیوانییان دەکرد، کاریگەرییەکی بێئەندازەی لەسەر بنەما یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان هەبوو، لە ئایینی زەردەشتیدا هاوسەرگیری گرنگی و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و هەموو زەردەشتییەک ناچاربوو هاوسەرگیری بکات و خێزان پێکبهێنێت بۆ ئەوەی ناوی خێزانەکە بە زیندووی بمێنێتەوە. ئەم سیستەمە سیستمێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و تێکەڵاوی هەبوو کە ڕەگ و ڕیشەی لە ئایینی زەردەشتییەوە وەرگیرابوو، لەم چوارچێوەیەدا میرات و هاوسەرگیری نەک هەر پەیوەندی خێزانی ڕێکخست، بەڵکو بە ئامرازێک بۆ سەقامگیرکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و چەسپاندنی پێگەی چینایەتی و دەستەبەرکردنی بەردەوامی ئابووری و سیاسی دادەنرا، لە هزری ساسانیەکاندا هاوسەرگیری تەنیا پەیوەندییەکی شەخسی نەبوو، بەڵکو بە ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیش دادەنرا، هەروەها پێویستە نەوە بۆ نەوە بە پەرۆش بن لە پاراستنی موڵک و ماڵی خێزان و بە سەلامەتی بیهێڵنەوە، ئەم توێژینەوەیە بە وردی چەمکەکانی میرات و هاوسەرگیری لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا (٢٢٤- ٦٥١) زایینی شیدەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان، ئیمپراتۆریەتی ساسانی کە لەسەر بنەمای ئایینی زەردەشتی دامەزرابوو، خاوەنی سیستمێکی یاسایی ئاڵۆز بوو کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵایەتی هەبوو، ئەم توێژینەوەیە جۆرە جیاوازەکانی هاوسەرگیری و ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لە چوارچێوەی هاوسەرگیری و بنەماکانی یاسای میرات دەخاتە ڕوو، لەگەڵ تیشک خستنە سەر ڕۆڵی چینایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی لە دیاریکردنی مافی میراتگری، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی چۆنیەتی بەیەکەوەگرێدانی ئەم دوو سیستەمە بۆ پاراستنی هێزی خێزان و مانەوەی سامان لەناو یەکەیەکی خێزانیدا، کە بنەمایەکی سەرەکی بوو بۆ جێگیریی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی، ئەم توێژینەوەیە مەرجەکانی بەستن و هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری و ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە یاساییەدا شی دەکاتەوە، هەروەها هۆکارە باوەکانی جیابوونەوە و ڕێکارە یاساییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە خێزانییەکان لەلایەن مۆبەدەکان و دادگاکانی زەردەشتییەوە تاوتوێ دەکرێن، پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: شێوەی هاوسەرگیری لەناو دەوڵەتی ساسانیدا چۆن بووە، جۆرە سەرەکییەکانی کامانە

بوون؟ یان چ جۆرە هاوسەرگیرییەک لە کۆمەڵگەی ساسانیدا باو بووە و هەر جۆرێکیان چ کاریگەرییەکی لەسەر مافەکانی ژن و پیاو و میراتگری هەبوو؟

**ووشە سەرەکیەکان: ساسانی، زەردەشتی، یاسای هاوسەرگیری، یاسای میرات، جیابونەوە**

## پێشەکی

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان (٢٢٤-٦٥١ز) کە زیاتر لە چوار سەدە حوکمڕانی ڕووبەرێکی فراوانی دەکرد لە ئێرانەوە تا میزۆپۆتامیا و لە قەفقازەوە تا کەنداوی فارس، ئەم ئیمپراتۆریەتە کە خۆی بە میراتگری شارستانیەتی ئەخمینی و پارتی دەزانی، توانی بە تێکەڵکردنی نەریتە کۆنەکانی ئێران و کاریگەریی ئایینی هێلینیستی و داهێنانە ئایینی و یاساییەکان، کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر کۆمەڵگاکانی ناوچەکە بەجێهێشت، توانی سیستەمێکی یەکگرتوو و سەقامگیر دروست بکات، هەروەها نوێنەرایەتی مۆدێلێکی هەمەلایەنەی شارستانیەتی ئێرانی-زەردەشتی دەکرد، کە سیستەمێکی یاسادانان و کۆمەڵایەتی بەهێزی دامەزراند، بەتایبەتی لە بابەتەکانی ڕێکخستنی ژیانی بنەماڵەیی، کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی موڵک و سامان و دەستەبەرکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دامەزراوەی هاوسەرگیرییەوە. ئایینی زەردەشتی لە داڕشتنی یاسا و ڕێساکانی ساسانیدا دەسەڵاتی کۆتایی پێکهێنا، سیستەمی یاسایی و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاڵۆز و هاوئاهەنگ هاتەکایەوە کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی گشتیی ئەم شارستانییەتە مەزنەیە، لە نێو ئەو سیستمانەدا یاساکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری و میرات جێگەیەکی تایبەتیان هەبوو، چونکە نەک هەر بناغەی بنەماڵە و کۆمەڵگایان پێکهێنا، بەڵکو بە ئامرازێک بۆ پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی سامان و دەسەڵات و بەردەوامکردنی شوناسی ئایینی و کولتووری دادەنران، ئەم ئیمپراتۆرییەتە نەک تەنها لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە دەسەڵاتدار بوو، بەڵکو خاوەنی سیستەمێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو و تاڕادەیەک ئاڵۆزیش بوو کە لەسەر بنەماکانی ئایینی زەردەشتی دامەزرابوو. لەناو ئەم چوارچێوەیەدا، میرات و هاوسەرگیری دوو دامەزراوەی سەرەکی بوون کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە دیاریکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسی ئیمپراتۆرییەتەکەدا دەگێڕا، پەیوەندی نێوان میرات و هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی ساسانیدا تەنها پەیوەندییەکی سادەی یاسایی نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ستراتیژییە ئابوورییەکان و پاراستنی دەسەڵاتی خێزانەکان بوو، سیستەمی هاوسەرگیری ساسانی کە ڕەگ و ڕیشەی لە دابونەریتی زەردەشتی و ڕێوڕەسمە کۆنەکانی ئێرانەوە بوو، تەنها گرێبەستێکی کەسی نەبوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی-ئاینی بوو، کە بە بنەمای ئایینی و چینایەتی و ئابووری ڕێکدەخرا، یاساکانی میرات کە تێکەڵ بە بنەماکانی زەردەشتی و داب و نەریتی خۆجێی بوون، نەک هەر دابەشکردنی موڵک وماڵی دیاری دەکرد، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پاراستنی پەیوەندی خێزانی و پتەوکردنی پێکهاتەی چینایەتی و دەستەبەرکردنی سەقامگیری ئابووری، هەروەها سیستەمی میرات بە شێوەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری چەمکە ئایینییەکانی ڕەچەڵەک و پێویستی پاراستنی پاکی خێزان و ئەرکی یادکردنەوەی باوباپیراندا بوو، میرات و هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی ساسانیدا پێکەوە سیستەمێکی بەیەکەوە گرێدراویان پێکهێنا کە ڕەهەندە یاسایی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەنگ دەکرد، لە ڕێگەی ئەوانەوە پێگەی تاک لە ناو خێزان و

کۆمەڵگادا دیاری کرا، پەیوەندی دەسەڵات لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان چەسپێندرا و سەقامگیری و شەرعییەتی دەوڵەت پارێزراو بوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ئەوەی کە چۆن لە ڕێگەی میرات و یاسای هاوسەرگیرییەوە، ئیمپراتۆریەتی ساسانی توانی مۆدێلێکی ناوازە دروست بکات کە بەردەوامیی ئایینی و ڕێکخستنی یاسایی و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بکات، کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی شارستانیەتی ئێرانە لە لوتکەی دەسەڵاتەکەیدا.

## پاشخانی مێژووی و کۆمەڵایەتی و یاسایی دەوڵاتی ساسانی(٢٢٤-٦٥١ز)

دەوڵەتی ساسانی (٢٢٤-٦٥١ز) یەکێک بوو لە بەهێزترین و ماوە درێژترین ئیمپراتۆرییەتەکانی مێژووی ئێران، کە زیاتر لە چوار سەدە حوکمڕانی کردووە، دوایین ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئێرانی پێش ئیسلام بوو، بە خێرایی بوو بە زلهێزێکی جیهانی هاوتای ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی(ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی) **(Daryaee, 2009, p.10)**. ئەردەشێری کوڕی بابەکی کوڕی ساسان لە دوای مردنی باوکی بانگەشی پاشایەتی کرد و دەسەڵاێکی تۆکمە و بەهێزی بنیاتنا، پاشان هێرشی کردە سەر هەرێمەکانی دەوروبەری، هێزێکی گەورەی سەربازی پەیداکرد بەهێزتر لە هێزی پارتەکان(ئەشکانی)، پاشان لە دۆڵی هورمزجان جەنگ لەنێوان پارتی(ئەشکانی) بەسەرکردایەتی پاشا(ئەردەوانی پێنجەم) و (ئەردەشێر) فەرماندەی هێزی سەربازی دژ بە دەسەڵاتی پارتەکان ڕوویدا، لەم جەنگەدا ئەردەشێر سەرکەوت و ئەردەوان کوژرا و کۆتای بەدەسەڵاتی ئەشاکانیەکان هات، لەو سەروبەندەدا (مەدائین)ی پایتەختی ئەشکانی دەستی بەسەردا گیرا، پاشان ئەردەشێر لە ساڵی(٢٢٤ز) پاشایەتی ساسانی ڕاگەیاند**( العابد، ٢٠١٠، ل٤٢)**. ئەردەشێر لە ساڵی(٢٢٦)ز. بەڕەسمی تاجی پاشایەتی لەسەرنا و خۆی بە شاهانشای وولاتی ئێرانی کۆن ناوبرد**(ئارتوور کریستینسێن، ٢٠١١، ل١١٥)**، هەموو ئەشکانیەکانی بە پیاو و ژن بە زەبری تیغ و سمشێر کوشت، لەڕووی مێژووییەوە ساسانییەکان بە گەڕانەوە بۆ دابونەریتی ئێرانی-زەردەشتی و جەختکردنەوە لەسەر دامەزراوەی پاشایەتی و چەسپاندنی سیستەمی مەرکەزی، هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی سیاسی و شەرعیەتی ئایینی تێکەڵ بکەن، پادشا ساسانیەکان خۆیان بە "پاشاکانی ئێران و خارجی ووڵاتی ئێران" ناودەبرد و خۆیان بە درێژەپێدەری ئیمپراتورییەتی هەخامەنشی دەزانی**(ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠، ٤٣٧)**. لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی هەموو میرەکانی فارس کڕنوشیان بۆبرد و مەملەکەتێکی بەهێز و یەکگرتوی دامەزراند**(باقر، ٢٠١٨، ٤٠٩)**. پاشان ئایینی زەردەشتی کردە ئایینی فەرمی دەوڵەتەکەی و فرمانیکرد بە کۆکردنەوەی ئەو بەشانەی کە لە ئاڤێستا مابونەوە لە کتێبێکدا بەناوی پازەند**(جەمیل، ٢٠١٨، ١٠٧)**. وەک دەزانین باپیری واتە ساسان لە ناوەندە ئایینیەکاندا پلەیەکی بەرزی ئایینی هەبووە**(گیرشمەن، ٢٠١٣، ٤٨٤)**. هەروەها سوودیان وەرگرت لە پشتیوانی قەشە و دامەزراوە ئایینیەکان بۆ شەرعیەتدان بە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیان، پاشان توانیان دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی دابمەزرێنن کە بە شێوەیەکی دانەبڕاو دین و سیاسەتیان بەیەکەوە گرێدا، کۆمەڵگەی ساسانی سیستەمێکی چینایەتیی توندی هەبوو، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر بنەمای ئایین و نەریت دامەزرابوو، بەگشتی کۆمەڵگە

دابەشکرابوو بۆ چوار چینی سەرەکی**(Frye, 1963, p.142)**. پیاوانی ئایینی (مووبەدەکان): ئەمانە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهای ئایینی و کۆمەڵایەتی بوون و تاڕادەیەکی باش بەشداربوون لە بڕیاردان لە پرۆسەی سیاسی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، ئایینی زەردەشتی بەتایبەتی لە سەردەمی شاپووری یەکەم و دواتر خوسرەوی یەکەم(ئەنەوشیرون)بووە ئایینی فەرمی دەوڵەت**(frye, 1983)**. لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای ساسانی بەسەر چوار چینی سەرەکیدا دابەشبوون کە بریتی بوون لە سوارچاکەکان **<u>(ئازادان/ئەرتێشتاران):</u>** ئەم چینە بریتی بوون لە خانەدان و سوارچاکەکان، کە بەرپرسیارێتی پاراستنی دەوڵەتیان لە ئەستۆ بوو، ئەوان خاوەنی زەویی زۆر بوون و بەشێکی گرنگی سوپای ساسانییان پێکدەهێنا، نووسەران و کارگێڕان **<u>(دابیران):</u>** ئەم چینە بریتی بوون لە فەرمانبەرانی دەوڵەت و نووسەران و ئەو کەسانەی لە بواری کارگێڕی و دادوەریدا کاریان دەکرد، جووتیاران و پیشەوەران **<u>(واستریۆشان و هوتۆخشان):</u>** ئەمە گەورەترین چینی کۆمەڵگە بوو و زۆربەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، ئەوان بەرپرسیار بوون لە دابینکردنی خۆراک و کاڵا و خزمەت گوزاری بۆ دەوڵەت، لەخوار ئەم چینەشەوە **<u>(کۆیلەکان)</u>** هەبوون کە مافی کەمیان هەبوو، ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە هەم نەزمی سیاسی و هەم لایەنی ئابووریان کۆنترۆڵ دەکرد **(Frye, 1984, p237)**.

لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا هەنگاوی هەڵهێنا و چەندین شارۆچکە و کۆشک و باڵەخانەی دروستکرد، تا بەهۆیەوە سیما و سیما و توانای دەسەڵاتە سیاسی و ئایینیەکەی دەربخات**(ئەنوەر، ٢٠١٩، ل٣٢)**. بەڵام لایەنی یاسایی لە سیستەمی ساسانیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، یاسا و ڕێساکان زۆر لە ژێر کاریگەری فێرکارییەکانی زەردەشتی و دەقە ئایینیەکانی وەک تەفسیری ئاڤێستا و پەهلەوی بوون، سیستەمی یاسایی ساسانی سەرنجی لەسەر سێ بواری سەرەکی هەبوو: خێزان و موڵک و بیرۆکراسی**(پیرنیا، ١٣٧٣،ص٢٤٦)**. لە کایەی خێزاندا هاوسەرگیری نەک تەنها بە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەڵکو بە ئەرکێکی ئایینی بۆ بەردەوامکردنی ڕەچەڵەک و پاراستنی نەزمی گەردوونی دادەنرا، یاساکانی پەیوەست بە میرات و هاوسەرگیری (پاشایەتی، خزمایەتی و تەنانەت هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی برا)، هەروەها مافی ژنانی ئەرستۆکراتی بەشێک بوون لەم سیستەمە، **(کریستنسن، ١٤٠٢، ص٨٣)**. لەبواری موڵکدا زەوی گرنگترین سەرچاوەی سامان بووە، یاساکانی بەڕێوەبردنی خاوەندارێتی و بەکارهێنان و باجدان لەلایەن دادگاکانەوە لە نزیکەوە چاودێری دەکران، بیرۆکراسی ساسانی بە سکرتێر و دادوەرەکانی(دادگاکان) یارمەتی جێبەجێکردنی یاسا مەدەنی و تاوانکارییەکانی دەدا، زۆرجار دادگاییکردنەکان لە ژێر چاودێری پیاوانی ئایینیدا ئەنجام دەدرا، سزاکان لە سزای داراییەوە دەستی پێدەکرد تا سزای جەستەیی و لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیدا پرۆسەی لە سێدارەدان جێبەجێ دەکرا، ئەم سیستەمە یاساییە ئاڵۆزە هەم ڕەنگدانەوەی زەردەشتی بوو و هەم فاکتەری یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی ئیمپراتۆریەت بوو**(پورداود، ١٣٦٩، ص١٢٣)**.

## خێزان لە کۆمەڵگەی ساسانیدا

خێزان بەردی بناغەی شارستانیەتە کە کۆمەڵگەی لەسەر دروست کراوە و سیستەمی خێزانیش بە کۆنترین سیستەمی یاسایی دادەنرێت لە مێژوودا **(الصافوری، ٢٠٠٧، ص ١٠٨)**. ئەرکی سیستەمی یاساییش بریتیە لە رێکخستنی رەفتاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، پاشان لە کۆمەڵگە کۆنەکانی چەندین سیستەمی خێزانی جیاواز بوونی هەبووە، وەکو سیستەمی خێزانی ژن سالاری و سیستەمی خێزانی پیاو سالاری، بەڵام بنەماڵەی ساسانی زیاتر لەسەر بنەمای سیستەمی پیاوسالاری رێکخرابوو، باوکی بنەماڵە کە پێی دەوترێت ("ئاغای ماڵ") رەهاترین دەسەڵاتی هەبووە**(کریستنسن، ١٤٠٢، ص٧٤)**. سەبارەت بە خێزان بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام وا پێناسە کراوە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەرکی زیندوێتی و پێویست مانەوەیە بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان، وەک ئەو کۆمەڵەیەیە کە خاڵی هاوبەش بەیەکترەوە دەیان بەستێتەوە، ئەمەش لە هێزی پەیوەندی نێوانیان خۆی دەبینێتەوە، بەڵام واتای خێزان کەس و کار و خێڵ نیە، بەڵکو مێرد و ژن و منداڵەکانیان دەگرێتەوە کە هاوسەرگیریان کردبێت یان نەیان کردبێت، لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا خێزان بنەمای گەشەسەندو دامەزرانی شارستانیەتەکەیەتی **(حسنی، ٢٠٢٠، ص٧)**. لەناو خێزاندا پرۆسەی هاوسەرگیریش بەیەکێک لە بنەماکانی دروست بوونی کۆمەڵگە دادەنرێت، هاوسەرگیریش بریتیە لە یەکەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و رێکەوتنی نێوان پیاوێک لەگەڵ ژنێک یان چەند ژنێک بە شێوەیەکی ئاسایی بەپێی یاسا و رێسا و داب و نەریت یان بیروباوەری باو بەمەبەستی روونکردنەوەی ئەرک و مافەکانی هەردوولا **(الهاشمی، ١٩٧١، ص٤)**. هاوسەرگیری دەرئەنجامی خواستی پیاوێک بوو بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات و خێزانێک بۆ خۆی بنیات بنێت، لەهەمان کاتدا هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پێویستە بۆ دامەزراندنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی کە بە پێی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی رێک و پێک ئەنجام درابێت**( حمادی، ص 106)**. لەیاسای شارستانیەتە کۆنەکانی (میسر، عێراق، ئێران، یۆنان، رۆمان) ئایین کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سروشتی هاوسەرگیری هەبوو، گرێبەستی هاوسەرگیریش سیمایەکی ئایینی پێو دیاربووە، بۆ نموونە لە یاسای فیرعەونەکانی میسر داوا کراوە هاوسەرگیرییەکە لە بەردەم پیرۆزیەکانی ناو پەرستگاکە ئەنجام بدرێت، واتە لە پەرستگای خواوەندی شارەکە و لە لایەن یەکێک لە پیاوانی ئایینی(کاهین) پەرستگاکەوە رێورەسمەکە ئەنجام دراوە، بۆئەوەی شەرعیەتێکی ئایینی و یاسایی و کۆمەڵایەتی بە پرۆسەکە بدەن، کاهینی پەرستگە پرسیاری ئاراستەی لە پیاوی ژنخواز کردووە ئایا تۆ ئەم ژنە وەکو هاوسەر و هاوبەشی خۆت خۆش دەوێت؟ چونکە دەتوانێت لە مافەکانت میرات وەربگرێت**( حسنی، 2020، ص٨)**. شاژنەکانی میسر رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە پرۆسەی میرات و گواستنەوەی تەخت لە پاشایەکەوە بۆ پاشایەکی تر، هەر کەسێک لە سەر تەختی پاشایەتی میسر دابنیشێت دەبێت خوێنی پیرۆزی شاهانە بە دەمارەکانی دایکو باوکی دا هەبووبێت، هەروەها پاڵنەرە ئاینیەکانیش رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە پیرۆزکردنی بیرۆکەی هاوسەرگیری پیرۆز لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەیدا**(یونس، ٢٠١٣، ص١٣٥)**. خێزان لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانیەکاندا وەک بنەمای سەرەکی کۆمەڵگە دانراوە و رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە شێواز و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، لەم سەردەمەدا خێزان تەنها یەکەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو بنەمای ئابووری و سیاسی و ئایینی کۆمەڵگاش بووە، پێکهاتەی خێزان لە ئیپمراتورییەتی ساسانیدا لەسەر بنەمای خێزانی

فراوان دامەزراوە کە چەندین نەوەی لە یەک تاقمدا کۆدەکردەوە و هەر یەکێک ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی تایبەتی خۆی هەبووە، یاسای ساسانی بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوسەرگیری و جێنشینی و میراتی ڕێکدەخست**(daryaee, 2009, p.147)**. سیستەمی باوکسالاری لە ساسانیەکاندا زۆر بەهێز بووە و باوک وەک سەرۆک و بڕیاردەری سەرەکی خێزان دانراوە، ئەم سیستەمە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەندامانی خێزان پێدەدا، لە بڕیاردان لەسەر هاوسەرگیری تاکو بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری، هاوسەرگیری لەناو ئیمپراتۆرییەتی ساسانیەکاندا زۆرجار بە ڕێکخستنی خێزانەکان ئەنجام دەدرا و ئامانجی سەرەکی بەرەوپێشچوونی ئابووری و جێگیری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی سیاسی بوو، میراتیش بەپێی یاسای باوکسالاری دابەش دەکرا و کوران بەشی زیاتریان وەردەگرت، بەتایبەتی کوڕی گەورە وەک وارسی سەرەکی باوک دادەنرا **(Morony, 2005, p.211)**. خێزان لە کۆمەڵگەی ساسانیدا یەکەیەکی بنەڕەتی و گرنگ بوو، پاراستنی یەکپارچەیی خێزان و موڵکەکانی لە گرنگترین ئامانجەکانی سیستەمی یاسایی و کۆمەڵایەتی بوو، دەسەڵاتی پیاو بەسەر خێزاندا زۆر بەهێز بوو، وەک سەرۆکی خێزان یان سەرۆکی بنەماڵە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر موڵک و ئەندامانی خێزاندا هەبوو **(daryaee, 2009, p.152)**.

ئەم دەسەڵاتە پیاوسالارییە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر یاساکانی هاوسەرگیری و یاساکانی میرات هەبوو، بە شێوەیەک کە ماف و ئەرکەکانی ژنان و منداڵان بە شێوەیەکی بەرچاو بە دەسەڵاتی پیاوەوە بەسترابوونەوە]، لە هەمان کاتدا ژنان مافی یاساییان هەبوو، وەک خاوەندارێتی خانوبەرە و جۆرەکانیتری موڵک **(Frandsen, 2009, p.127)**. لەگەڵ ئەوەشدا، ژنان یان دایکان ڕێزێکی تایبەتیان هەبووە و ڕۆڵی گرنگیان لە پەروەردەی منداڵان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی ماڵەوەدا هەبووە، هەروەها مافیان هەبوو لە هەندێک دۆخدا میراتیش وەربگرن، لە ڕووی ئابووریەوە**(دریایی، ١٣٨٨، ص٣٢٧)**. خێزان وەک یەکەی بەرهەمهێنان کاری دەکرد و پیشە و کاروبارەکان زۆرجار لە ڕێگەی میراتەوە لە نێوان نەوەکاندا دەگوازرێنەوە، هاوسەرگیریەکان بەپێی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێک دەخران و زۆرجار بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان خێزانە جیاوازەکان بەکاردەهێنران، خێزانە ئاست بەرزەکان ڕۆڵی سیاسیان هەبوو زۆرجار پەیوەندی نزیکیان بە حوکمڕانی و دەسەڵاتەوە هەبوو، کە ئەم پەیوەندیانەش بە هاوسەرگیری و میراتی سیاسی پتەو دەبونەوە **(Frandsen, 2009, p.129)**. بەم شێوەیە خێزان لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانیەکاندا وەک ستوونی سەرەکی کۆمەڵگا کاری دەکرد و هەموو ڕووەکانی ژیانی مرۆڤی دەگرتەوە، لە پەروەردە و کۆمەڵایەتیکردنەوە تاکو ئابووری و سیاسەت، هاوسەرگیری و میرات وەک دوو مەکانیزمی گرنگ ڕۆڵیان لە پەیوەندیکردن و جێگیرکردنی ئەم سیستەمەدا هەبوو، ئەم جێگیرییە وای کردبوو کە کۆمەڵگای ساسانی بتوانێت بۆ چەندین سەدە بەردەوام بێت و کاریگەری خۆی لەسەر شارستانیەتەکانی دواتر جێبهێڵێت، بەم شێوەیە خێزان و بنەماڵە هەم یەکەیەکی ئایینی بووە و هەم ناوبژیوانێک بووە لە نێوان ژیانی تاک و نەزمی گەورەی ئایینی-کۆمەڵایەتیدا **(دریایی، ١٣٨٨، ص٣٢٨)**.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## کاریگەری ئایینی زەردەشتی لەسەر یاسا و پرۆسەی هاوسەرگیری لەناو ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا

ئیمپراتۆریەتی ساسانی بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەوڵەتێکی ئایینی بوو کە تێیدا ئایینی زەردەشتی ڕۆڵێکی بێ وێنەی دەبینی لە داڕشتنی یاسا و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دا، لەم قۆناغەدا ئایینی زەردەشتی نەک هەر وەک ئایینی فەرمی ناسێنرا، بەڵکو وەکو بڕبڕەی پشتی ئایدیۆلۆژی و یاسایی کۆمەڵگا کاریکردووە، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاسایی هەبووە **(کریستنسن، ١٤٠٢، ص٨٥)**. موبادان کە پیاوانی ئایینی زەردەشتی بوون، دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو و وەک (دادوەر، ڕاوێژکار، یاسادانەر) کاریان دەکرد، لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەقە پیرۆزەکانی وەک **(Avesta)** و **(Dēnkard)**دەکرد، کە سەرچاوەی سەرەکی یاسای ساسانی بوون، **(Dēnkard)** بەتایبەتی کتێبی هەشتەم بە وردی باس لە یاسا مەدەنییەکان دەکات، لەوانەش یاساکانی (هاوسەرگیری، میرات، جیابونەوە، کێشەکانی خێزان) **(دوستخواە، ١٣٧٠، ص٢٢٣)**. پادشاکانی ساسانی تەنها سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی نەبوون، بەڵکو خۆیان بە "شاهانشا" ناودەبرد و شەرعیەتی خۆیان لەسەر زەوی بۆ ئەهورامەزدا(خوداوەند) دەگەڕاندەوە، واتە حوکمڕانیەکەیان دیارییەکی ئیلاهی و ئەرکێکی پیرۆز بوو، هەروەها خۆیان بە پارێزەری ئایینی ڕاستەقینە دەزانی، ئەم یاسایانە تەنها کۆمەڵێک ڕێسای وشک نەبوون، بەڵکو قوڵبوونەوەیان هەبوو لە فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی وەک چەمکی (Asha) ئاشێ یان ئاشە، بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و بەرەنگاربوونەوەی هێزە شەیتانییەکان **(لۆکۆنین، ١٣٦٣، ص١٧٤)**.کاریگەریی ئایینی زەردەشتی لەسەر یاسا و پراکتیکی هاوسەرگیری لە دەوڵەتی ساسانیدا بە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی کارلێکی نێوان ئایین و دەوڵەت لە ئێرانی کۆن دادەنرێت، لە تێڕوانینی زەردەشتیدا، هاوسەرگیری نەک هەر بە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بە یەکێک لە پیرۆزترین ئەرکە ئایینیەکانی مرۆڤ دادەنرا، کە بەپێی بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینی زەردەشتی بە خەباتی ڕووناکی لە دژی تاریکی پێناسە دەکرا، ئەم بۆچوونە ئایینیە وایکرد لەناو ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا چەندین جۆری جیاوازی هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت**(frye, 1983)**.

لە دەوڵەتی ساسانیدا (٢٢٤-٦٥١ ز)، دامەزراوەی هاوسەرگیری تەنها پەیمانێکی سادەی کۆمەڵایەتی یان گرێبەستێکی مەدەنی نەبوو، بەڵکو دەچووە قۆناغێکی قووڵتر و فراوانترەوە کە گرێدراو بوو بە بنەما ئایینییە پتەوەکانی زەردەشتی و یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەت **(Perikhanian, 1997, p. 119)**، هاوسەرگیری وەک یەکێک لە ستوونە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی زەردەشتی سەیر دەکرا، چونکە ئامانجی سەرەکی دڵنیابوون بوو لە بەردەوامبوونی هێڵی نەوە و پاراستنی ناوی خێزان و جێبەجێکردنی فەرمانە ئایینییەکان بۆ بەرهەمهێنانی وەچە وەک خزمەتێک بە ئاهورا مەزدا و چاکە**(Modarressi, 1993, p.25)**. ئەم گرنگییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر داڕشتنی جۆرە جیاوازەکانی هاوسەرگیری، نەریتە پەیوەندیدارەکان، و مەرج و مافەکانی هاوسەران هەبو**(Shaki, 1990, p,314)**. هەندێک لە دەقەکانی زەردەشتی هاوسەرگیری نێوان خزمەکانیان بە واجب داناوە کە بە "خۆیدودە" ناسراوە ، بۆ پاراستنی خوێنی پاکی ئاریایی و بەهێزکردنی بنەماڵەی پاشایەتی و بەردەوامبوونی ڕەچەڵەک لە باوەڕی زەردەشتیدا، قەشەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لەم سیستەمە یاساییەدا هەبووە و جگە لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینی، وەک ڕاوێژکاری یاسایی ڕۆڵیان هەبووە، لە ڕوانگەی ئایینیەوە ڕەوایەتی هاوسەرگیریان پشتڕاست دەکردەوە، پیاوانی ئایینی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

زەردەشتی جێگەیەکی تایبەتی لە دەرباری پاشایەتی و لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا هەبوو، بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان لە ئەنجومەنەکانی دەوڵەتدا دەکرد( **Daryaee, 2009, p:137)**، لەم سیستەمەدا ژنان کە لە ژێر کاریگەری فێرکارییەکانی زەردەشتیدا بوون، پێگەیەکی تاڕادەیەک لەباریان هەبووە و لە هەندێک حاڵەتدا مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و جیابوونەوەیان هەبووە، لە هەندێک بارودۆخدا سوود مەند بوون لە وەرگرتنی میرات، بەتایبەتی لە سەردەمی ساسانی نوێدا، ژن بە بەڵگەیەکی یاسایی دەیتوانی لە موڵک و ماڵی مێردەکەیدا بەشداری بکات و مافی خاوەنداریتی هەبێت **(کریستنسن، ١٤٠٢، ص١٥٢)**، هەروەها ڕۆڵیان لە پەروەردەکردنی منداڵدا هەبووە، هەروەها یاساکانی هاوسەرگیری ساسانی ئامرازێک بوون بۆ چەسپاندنی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا، بەو پێیەی هاوسەرگیری نێوان چینەکان سنووردار بوو و هەر چینێک بەزۆری لەناو خۆیدا هاوسەرگیری دەکرد،**(وحدتی هلان، ١٣٩١، ل٤٧)**، هەروەها بنەماڵەی شاهانە هاوسەرگیری وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ زلهێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و پاراستنی شەرعیەتی ئایینی بەکارهێنا، ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەم قۆناغەدا تێکەڵەیەک بوو لە داب و نەریتی کۆنی ئێران و فێرکارییەکانی ئایینی زەردەشتی، لەوانە بوونی ئاگرێکی پیرۆز لە ناوەندی ڕێوڕەسمەکەدا**(کریستنسن، ١٤٠٢، ص١٥٧)**. خوێندنەوەی بەشەکانی ئاڤێستا، واژۆکردنی گرێبەستەکان بە ئامادەبوونی قەشەیەک و ڕەچاوکردنی توندی یاساکانی پاکی و پاکوخاوێنی، ئەم سیستەمە یاسایی و کۆمەڵایەتییە هێندە ڕەگ و ڕیشەی داکوتابوو کە زۆرێک لە یاسا و داب و نەریتی هاوسەرگیریی سەردەمی ساسانییەکان بۆ چەندین سەدە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی لە نێو پێکهاتە زەردەشتیەکاندا کاری پێ دەکرا و تەنانەت هەندێک لە توخمەکانی چوونە ناو کولتووری جەماوەری ئێرانی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەریی قووڵ و بەردەوامی ئایینی زەردەشتی لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتی و یاسایی و کولتوورییەکانی وڵاتی ئێران**(Shayegan, 2011, p.67)**، زەردەشتیەت وەک دینی فەرمی ساسانیەکان گرنگیەکی زۆری بە خێزان دەدا و هاوسەرگیری و بەخێوکردنی نەوە وەک ئەرکی ئایینی دادەنرا، قەشە و پیاوانی ئاینی لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردنی یاساکانی بنەماڵە (هاوسەرگیری، تەڵاق، میرات) کاریگەری ڕۆحی و یاسایی خۆی لەسەر کۆمەڵگا دامەزراند، هاوسەرگیری یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی مرۆڤ بوو و میراتیش نەک تەنها لە ڕووی مادیەوە، بەڵکو لە ڕووی ئایینیشەوە گرنگی هەبوو بۆ بەردەوامی ناوی خێزان و پێگەی ئایینی، ئەم باوەڕە خێزانی وەک یەکەیەکی پیرۆز دەبینی، کە دەبێت پارێزراو بێت و گەشەی پێ بدرێت، نەریت و کەلتووری ساسانی لە ڕێگەی خێزانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی تر دەگوازرایەوە و ئەمەش بۆ پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ساسانی گرنگ بوو **(Frye, 1985, P.445 )**.

بەم شێوەیە قەشە زەردەشتیەکان وەک وەرگێڕانی شەریعەت ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە ڕێکخستنی یاساکانی بنەماڵە و دیاریکردنی مافی ژن و پیاو و تەنانەت شەرعیەتدان بە فرەژنی**(بویس، ١٣٩٨، ١٤٤)**. جگە لەوەش ئایینی زەردەشتی هاوسەرگیریی بە ئامرازی پاراستنی نەزمی گەردوونی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە شەیتانییەکان دەزانی، بۆیە پراکتیزە نەکردنی بە گوناه دادەنرا، لە ئەنجامدا یاسا و داب و نەریتی ساسانی بە پشتبەستن بە ئایین، هاوسەرگیریی گۆڕی بۆ دامەزراوەیەکی یاسایی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، هاوکات کە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەبوو هەم لە چەسپاندنی پێکهاتەی بنەماڵە و هەم لە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیدا**(زرین‌کوب، ١٣٦٤، ص٤٠٠)**.

ئاینی زەردەشتی کاریگەرییەکی قووڵ و بەربڵاوی لەسەر سیستەمی میرات و شێوازی هاوسەرگیری لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا هەبووە، کە بە ڕوونی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و یاسایی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا دیارە، لە ڕوانگەی میراتەوە، فێرکارییەکانی زەردەشتی جەختیان لەسەر پاراستنی بنەماڵە و گواستنەوەی میرات بۆ منداڵی نێر دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مافی میراتی ژنانیشی تا ڕادەیەکی دیاریکراو ناساندبوو، ئەم سیستەمە میراتگرییە لەگەڵ بنەما ڕێوڕەسمییەکانی زەردەشتی هاوئاهەنگ بوو و هەوڵی دەدا هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بپارێزێت **(اموزگار، ١٣٧٤، ص75).**

## گرنگی پرۆسەی هاوسەرگیری و جۆرەکانی لە کۆمەڵگای ساسانیدا

هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی ساسانیدا ( لە ساڵی ٢٢٤ زایینییەوە تا ساڵی ٦٥١ زایینی)تەنها پەیوەندییەکی سۆزداری و تاکەکەسی نەبوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی پیرۆزی ئاینی و کۆمەڵایەتی و یاسایی گرنگ بوو، کە بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگای پێک دەهێنا، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر پێکهاتەی خێزان و دابەشکردنی موڵک هەبوو، کتێبە پیرۆزەکانی زەردەشتی وەک (ئەڤێستا) و دواتر دەقە پەهلەوییەکانی وەک (بوندهیشن و دێنکارد) جەختیان لەسەر گرنگی هاوسەرگیری دەکردەوە و ئەمەیان بە یەکێک لە گەورەترین کردارە باشەکان دادەنا کە مرۆڤ دەیتوانی ئەنجامی بدات، پرۆسەی هاوسەرگیری و خستنەوەی منداڵی یاسایی لە ناوەڕاستی ئەم ڕێگایەدا جێگیر بوو **(علوی، ١٣٧٧، ص12).** ئەوان پێیان وابوو کە هاوسەرگیری و بوونی منداڵ وەک چەکێکی بەهێز لە دژی هێزە خراپەکان و ئەهریمەن کاردەکات، موبەدان و ڕابەرانی ئاینی زەردەشتی بەردەوام خەڵکیان فێردەکرد کە هاوسەرگیری کردن و منداڵ خستنەوە و پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوازێکی باش و پەروەردەیەکی تەندروست، لە گەورەترین ڕێگاکانی نزیکبوونەوە لە ئەهورامەزدا و بەدەستهێنانی سەواب و پاداشتی دنیا و ئاخرەتە، کۆمەڵگای ساسانی چینایەتییەکی توند و وردی هەبوو، کۆمەڵگای بەسەر چوار چینی سەرەکیدا دابەش کردبوو(لە پەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە) **(Menasce, 1973, p.217)**. هاوسەرگیری یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان بوو بۆ پاراستنی ئەم سیستەمە چینایەتییە و دڵنیابوون لەوەی کە هەر چینێک خاوەنداریێتی و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەپارێزێت، بەزۆری هاوسەرگیری لە نێوان ئەندامانی هەمان چینی کۆمەڵایەتیدا ڕوویدەدا، ئەمەش یارمەتیدەدا کە پێگە و دەسەڵات و سامانی هەر چینێک لە ناو خۆیدا بمێنێتەوە و نەگوێزرێتەوە بۆ چینەکانی دیکە، لە ڕووی ئابوورییەوە هاوسەرگیری ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە گواستنەوە و پاراستنی سامان و موڵک دەگێڕا، لە کۆمەڵگای ساسانیدا میراتگری زۆربەی کات لە ڕێگەی ڕەگەزی نێرینەوە خاوەنداریێتی دەکرا، بۆیە گرنگ بوو کە خێزانەکان کوڕیان هەبێت بۆ ئەوەی ناو و سامان و موڵکەکانیان بپارێزن**(زرین‌کوب، ١٣٦٤، ص٤٠٠)**. لە ئاستی چینە بەرزەکانی کۆمەڵگادا، بەتایبەتی لە نێو خێزانە ئەشرافەکان و شاهانەکاندا، هاوسەرگیری ئامرازێکی گرنگ بوو، بەتایبەتی بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی سیاسی و بەستنی هاوپەیمانێتی، خێزانە بەهێزەکان لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە دەیانتوانی یەکگرتووییان توند بکەن و دەسەڵات و کاریگەریی خۆیان فراوان بکەن، ژنان زۆرجار وەک کەرەستەی دیپلۆماسی بەکاردەهێنران، واتە لە ڕێگەی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هاوپەیمانی دەهاتەکایەوە و لە بواری سیاسی و ئابووری و سەربازیدا پشتگیری یەکتریان دەکرد، ئەم شێوازە هاوسەرگیرییە سیاسییە نەک تەنها لە ناو ئێرانی کۆندا، بەڵکو لە نێوان شاهانی ساسانی و حوکمڕانانی وولاتانی دەوروبەریشدا ڕوویدەدا و یارمەتی دروستکردنی

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەدا(**Christensen, 1944**). کۆمەڵگای ساسانی چەندین جۆری جیاوازی هاوسەرگیریی بە فەرمی دەناسی، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی یاسایی و کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو، ئەم جۆراوجۆرییەی پرۆسەی هاوسەرگیری ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی کۆمەڵگای ساسانی بوو و نیشانەی ئەوە بوو کە چۆن ئەم کۆمەڵگایە هەوڵ دەدا وەڵامی پێداویستییە جیاوازەکانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و دۆخە تایبەتەکانی خێزانەکان بداتەوە(**علوی، 137۷، ص١٤**). دەقە یاساییەکانی ساسانی، بەتایبەت(**"کتێبی هەزار حوکم" یان کتێبی هەزار یاسا**)(**Mādayān-i Hazār Dādestān**). لە بنەڕەتدا کتێبێکی یاساییە و یاسا مەدەنیەکانی ساسانی تۆمار دەکات و شیکاری دەکات، لە دەوروبەری سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی کۆکراوەتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی خسرۆ ئەنوشیروانی ساسانی(٥٣١-٥٧٩)، کە بە چاکسازیی یاسایی و کارگێری ناسراوە، دەقەکە بە زمانی فارسی ناوەڕاست (ڕێنووسی پەهلەوی) نووسراوە و کۆمەڵێک بابەتی یاسایی بەرفراوان دەگرێتەوە لەوانە: (یاسای خێزان، یاسای موڵک، پێگەی کۆمەڵایەتی، یاسای جێنشینی و میرات، جیابونەوە، گرێبەست، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان یان برینداربوون.....هتد) (**Perikhanian, 1997, p. 120-121**).زۆرێک لە حاڵەتەکان ئەوە دەردەخەن کە چۆن بنەما ئایینییەکانی زەردەشتی کاریگەرییان لەسەر یاسای مەدەنی ساسانی هەبووە، ئەمەش وایکردووە کە مەدایان ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئایین و یاسا لە ئێرانی پێش ئیسلامدا، ئەم کتێبە لەلایەن چەند زانایەکەوە دەستکاری کراوە و وەرگێڕدراوە بۆسەر زمانە مۆدێرنەکان، دیارترینیان:(**Perikhanian و Maria macuch**) کە چەندین لێکۆڵینەوەی ووردی یاساییان لەسەر دەقەکە بەرهەم هێناوە، ئەم بەرهەمە وەک کۆدی یاسای ساسانی دادەنرا، بە وردی ئاماژە بە چەند جۆری سەرەکی هاوسەرگیری دەکات، ئەم دەقانە نیشانی دەدەن کە هاوسەرگیری سیستەمێکی ڕێکخراو بووە و پیاوانی ئایینی (مۆبەدەکان) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە چاودێریکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی(**Macuch, 1993, p.73**).

## ١-هاسەرگیری پادیشا زن((Padishah Zanih)) هاوسەرگیری تەواو و مافدار

لە کۆمەڵگەی ساسانیدا، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەتایبەتی لە نێو چینە باڵاکانی وەکو پاشاکان و ئاغاکان ئەنجام دەدرا، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە بەناوبانگترین جۆری هاوسەرگیری لای زەردەشتیەکان لە ئێرانی کۆن ناسراوە، لەم جۆرە هاوسەرگیریەدا ژن خاوەن تەواوی تایبەتمەندییەکان بوو، پیاو و ژن پێکەوە هاوبەش بوون و پێکەوەش بڕیاریان لەسەر ڕوودا و پێشهاتەکان دەدا(**Macuch, 1993, p.171**). ئەم هاوسەرگیرییە نەک تەنها بە پەیوەندییەکی کەسی، بەڵکو بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و ئایینییش دادەنرا، ئەم جۆرەیان بەناوبانگترین و پەسەندترین جۆری هاوسەرگیری بوو، کە بە "هاوسەرگیری شاژن" یان "هاوسەرگیری پادشا" ناسرابوو، لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا منداڵەکان کە لەدایک دەبوون بە یاسایی دەناسران و مافی تەواوی میراتگرییان هەبوو(**Macuch, 1993, p. 30**). لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا ژنەکە مافی تەواوی وەرگرتووە و بە بەشێک لە بنەماڵەی هاوسەرەکەی دادەنرا وەک هاوسەر و هاوشانی پیاوەکەی سەیر دەکرا، واتە ئەگەر پیاوەکە بمرێت ژن و منداڵەکانی بەشێک دەبوون لە میراتگرانی شەرعی و مافیان هەبوو لە موڵک و ماڵی پیاوەکە (**Shaki, 1990, p. 327**).

"پادیشازن" هاوسەرگیرییەکی فەرمی بوو کە بە ڕەزامەندی هەردوو خێزان ئەنجام دەدرا و تێیدا مارەیی و گرێبەستە یاساییەکان دیاری دەکران، ئامانجی سەرەکی ئەم هاوسەرگیرییە

دروستکردنی بنەماڵەیەکی بەهێز و گواستنەوەی میرات بوو بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەروەها بەردەوامبوونی هێڵی خێزان و ناوبانگی بنەماڵە بوو**(سلطانی، ١٣٨٨، ١٧٣)**. ژنانی پادیشازن مافی ئەوەیان هەبوو کە دوای مردنی هاوسەرەکانیان، وەک سەرپەرشتیاری منداڵەکانیان بمێننەوە و سامانیان بەڕێوەببەن، پادیشازن لە کۆمەڵگای ساسانیدا شکۆ و ڕێزی بەرزی هەبووە، مارەیی کە لە کاتی هاوسەرگیریدا دیاری دەکرا**(حجازی، ١٣٨٥، ص١٥٧)**. ئەم مارەییە جۆرێک بوو لە پاڵپشتی ئابوری بۆ ئەو ژنە و دەیپاراست لە نادادپەروەری و بەلاڕێدا چوون، لەکاتی مردنی هاوسەرەکەیدا گرنتی پێدانی مافیان دەکرا، هەروەها لەکاتی جیابونەوەدا پیاوەکە پابەند بوو بە دابینکردنی نەفەقە بۆ بژێوی ژیانی هاوسەرەکەی **(Perikhanian, 1997, p. 142)**ژنی پادیشازان مافی سەربەخۆیی ڕێژەیی هەبوو و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کاروباری ناوخۆی ماڵدا هەبوو، بەڵام ئەگەر لە دادگادا بسەلمێنرایە کە سەرپێچی لە مێردەکەی کردووە، ئەوا مافی میراتی و هەموو ئیمتیازاتەکانی دیکەی لەدەست دەدا، هەروەها ئەو منداڵانەی لە هاوسەرگیریی شاهانە لەدایک دەبوون، بە میراتگری سەرەکی باوک دادەنران و هەموو موڵک و موڵک و نازناوەکانی باوکیان بۆیان دەگوازرایەوە، ئەمەش بەردەوامیی هێڵی خوێن و پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەی مسۆگەر کرد **(کریستنسین، ١٤٠٢، ص٣٦٠ – ٣٦١)**. لە چوارچێوەی فێرکارییەکانی زەردەشتیدا، ئەم هاوسەرگیرییە بە کارێکی پیرۆز و پێویست دادەنرا بۆ بڵاوکردنەوەی "ئاشا" بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و بەرەنگاربوونەوەی هێزە شەیتانییەکان **(بۆیس، ١٣٩٨، ص٢١٥)**.

## ٢-هاوسەرگیری چەگەر یان چەگار(čagar) کاتی یان لاوەکی

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە(چەگار) بە "هاوسەرگیری پارمەتیدەر" یان "هاوسەرگیری بە وەکالەت" ناسرابوو لە کۆمەڵگەی ساسانیدا کەمترین پێگەی یاسایی و کۆمەڵایەتیان هەبوو بە بەراوورد بە ژنی پادیشا زن، لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا پیاوان دەیانتوانی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک ئەنجام بدەن، ئەویش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لەژێر هەندێک مەرجی تایبەتدا **(آذرگشسب، ١٣٥١، ص١٣٦)**. لە هاوسەرگیری چەگاردا، منداڵەکان کە لەدایک دەبوون بە شێوەیەکی یاسایی سەر بە باوکی منداڵەکە نەبوون واتە بەشێک نەبوون لە خێزانی پیاوەکە **(Macuch, 1993, p. 35)**. بەڵکو دەیان ویست میراتگرێک بۆ پیاوە مردووەکە بهێننە دنیاوە، زۆرجار ئەم هاوسەرگیرییە بۆ مەبەستی پاراستنی بنەماڵە یان دابینکردنی میراتگرێک ئەنجام دەدرا، بەتایبەتی کاتێک ئەنجام دەدرا کە پیاوێک بە بێ منداڵ دەمرد یان زیندانی دوور مەودا بکرایە یان نەزۆک بوایە، لەم حاڵەتەدا ژنەکەی دەیتوانی هاوسەرگیری چەگار بکات لەگەڵ پیاوێکی تر بۆ ئەوەی منداڵێک بهێنێتە دنیاوە کە وەک میراتگری پیاوە مردووەکە دابنرێت **(Perikhanian,1997, p. 126)**. منداڵەکان لە ڕووی یاساییەوە بە میراتگری پیاوی ڕەسەن، بێ منداڵ یان مردوو دادەنران، نەک باوکی بایۆلۆژی خۆیان، ئەم منداڵانە لە موڵک و ماڵی مردووەکە میرات دەگرن بۆ ئەوەی بەردەوامی ڕۆحی و ماددی مردووەکە مسۆگەر بکەن، جەختکردنەوە لەسەرمانەوەی ڕەچەڵەک(نەوە)کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەردوو لایەنی هاوسەرگیری و یاساکانی میرات هەبوو، زۆرجار دەبووە هۆی ڕێکخستنی یاسا ئاڵۆزەکان کە بۆ ڕێگریکردن لە لەناوچوونی هێڵی خێزان دارێژرابوون **(Vahidi, 2017, P.917)**. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زیاتر بۆ چارەسەرکردنی کێشە کاتییەکان بوو، لە هەمان

کاتیشدا پرۆسەیەک بوو بۆ پارمەتیدانی خێزانە هەژارەکان کە دەیانتوانی ژنەکانیان "بەکرێ" بدەن بۆ قازانجێکی دیاریکراو، هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان نزمتر بوو، دەتوانین بڵێین پێگەیان "کەمتر لە هاوسەر" سەیر دەکرا( **کاتراک، ١٣٤٢، ص١٩٨)**. ژنان لەم پرۆسەیەدا سەربەخۆیی دارایی و کۆمەڵایەتیان کەمتر بووە و نەیدەتوانی سوود لە موڵکی مێردەکەیان بەشێوەیەکی فراوان وەربگرن، زۆرجار لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا مافەکانی ژنان سنووردار بوو بە بڕی نەفەقە و پشتیوانی جیاواز سوود مەند دەبوون لە وەرگرتنی مافەکانیان(**دریایی، ١٤٠٣، ص١٥٣)**.

### ٣-خوێدودە

خوێدودە زاراوەی "خوێدودات" **(xᵛaētuuadaθa)**لە ئاڤێستا و خوێدودە **(xwēdōdah)**لە فارسی ناوەڕاستدا، یەکێکە لەو پۆلێنە مشتومڕاوییەکان سەبارەت بە هاوسەرگیری لە سەردەمی ساسانییەکان **(Skjærvø, 2013,p.13)** لە دەقەکانی پەهلەویدا ئەم هاوسەرگیرییە زۆر جار بە شێوەیەکی ئەرێنی سەیر دەکرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، لە کاتێکدا هەندێک لە زانایان و شوێنەوارناسان هەوڵی ڕەتکردنەوەی دەدەن**(Daryaee, 2013, p. 91)** . **کتێبی هەزار یاسا** ئاماژە بە پرسی خوێدودە دەکات، بەڵام خودی وشەکە تێیدا نەهاتووە **(Macuch, 1993, p. 319)**هەرچەندە لەم بڕگەیەدا وشەی خوێدودە بۆ خۆی باس نەکراوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی ئەوە دەردەخات کە باوک لەگەڵ کچەکەیدا هاوسەرگیری کردووە، کوڕ لەگەڵ دایکیدا و برا لەگەڵ خوشکەکەیدا **(Perikhanian,1997, p. 119)**. "خۆیدودە" یەکێک لە سەیرترین جۆرەکانی هاوسەرگیری بوو لەناو ئایینی زەردەشتیدا، کە بریتی بوو لە هاوسەرگیری نێوان ئەندامانی خێزان **(Choksy, 1989, p. 115)**. ئەم پەیرەوە، بە تایبەت لە قۆناغی سەرەتای ساسانیدا، وەک کارێکی پیرۆز و ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکرا کە یارمەتی بەردەوامبوونی پاکی خوێن و خێزان دەدا و وا دادەنرا کە پاداشتێکی گەورەی ئایینی هەبێت، دەقەکانی وەک "دینکرد" باس لە فەزیلەت و خێری ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەن **(Boyce, 1979, p. 108)** . هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بۆ پاراستنی پاکی خوێن و پاراستنی میراتی باوکایەتی لەناو بنەماڵەیەکدا بووە، لە ڕاستیدا خۆیدودە باشترین ڕێگا بوو لە ئایینی زەردەشتیدا بۆ ڕێگریکردن لە دابەشکردنی میرات لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە و ئاغاکان بۆ ئەوەی موڵکەکە وەک خۆی بمێنێتەوە **(Macuch, 2004, p.130)**. بە واتایەکی تر، خۆیدودە جگە لەوەی بە کردەوەیەکی شایستە دادەنرا، چارەسەرێکی گونجاو بوو بۆ پاراستنی زەوی و ماڵی ناو بنەماڵ **(Hjerrild,2003, p.171)**.لە هاوسەرگیری خۆیدودە دا ڕێگەپێدراو بوو هاوسەرگیری لەگەڵ دایک یان خوشک یان کچ ئەنجام بدرێت، باوک دەیتوانی لەگەڵ کچەکەی هاوسەرگیری بکات و موڵک و ماڵی خۆی لە شێوەی وەسیەت یان دیاری پێبدات، ئەوەی وەک بەش بە کچەکە دەدرا زیاتر بوو لە پشکی کچێک **(Macuch, 1993, p. 326)**. کچەکە لە پێگەی کچ دوور خرایەوە و بە ژن هەژمار دەکرا**(Hjerrild, 2003, p. 175)**. بەڵام توێژەران بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە، شاپور شەهبازی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامانی خێزان بەپرۆسەیەکی هەڵە دادەنێت و ئەم هاوسەرگیرییە ڕەتدەکاتەوە **(Shahbazi, 2001, p. 243)**. هەروەها ماکوچ پێی وایە خۆیدودە لە دەقەکانی دوای ساسانیدا زیادەڕەوی کراوە و پێی وایە ڕەگی ئەم زیادەڕەوییە لەو دۆخەوە سەرچاوە دەگرێت کە زەردەشتیەکان لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ساسانی تێیدا بوون، ئەویش بۆ پاراستنی کۆمەڵگای زەردەشتی، ڕێبەرانی ئایینی ویستوویانە لە دەقەکانیاندا جەخت لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە بکەنەوە، ئەو پێی وایە هۆکاری ئەوەی کە خوێدودە لە "مەدایانانی هەزار دادستان "**(کتێبی هەزار یاسا)** نەهاتووە، ئەوەیە کە خوێدودە یان لە سەردەمی ساسانییەکاندا زۆر پراکتیزە نەکراوە یان لەو سەردەمەدا ئەوەندە باو بووە کە پێویست بە باسکردنی لەم کتێبەدا نەبووە**(Macuch, 1981, p.136 )**. بەڵام ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە سەرچاوە چینییەکانیشدا باسکراوە، لەسەر بەردی گۆڕەکان بە هەردوو زمانی پەهلەوی و چینی نووسراوە، گۆڕەکەش هاوسەری یەکێک لە فەرمانڕەواکانی وڵاتی چین بووە کە باس لە هاوسەرگیری خوێدودە دەکات، بۆیە دەتوانرێت دەربکەوێت کە خوێدودە تەنیا لە دەقەکانی پەهلەویدا ڕەنگدانەوەی نەبووە؛ بەڵکو دەتوانرێت لە سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتی دووریشدا بدۆزرێتەوە، وا دیارە ئەم مەسەلەیە لە سەردەمی ساسانی و دوای ساسانی لە نێو زەردەشتیەکاندا هەبووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و کۆتایی دەسەڵاتی ساسانی و ئەو کارلێکانەی کە لە نێوان ئەوان و موسڵمانانداا هەبووە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کەمتر بووەوە و ڕەنگە تەنها لەناو چینە باڵاکانی پیاوانی ئایینی یان خانەدانەکاندا مابێتەوە **(Baghbidi, 2011, p. 105)**.

## 4- ئیۆکزانی (Ewag) (یۆگ زان)

پیاوێک پێش مردنی کوڕی نەبووایە ، بەڵام کچێک یان خوشکێکی لەدوای خۆی بەجێ هێشتبێت، ئەوا ناچارن بچنە ناو هاوسەرگیرییەکی ئیۆکزانییەوە تا کوڕێک لەدایک دەبێت، بەم هاوسەرگیرییە دەوترا**(یۆگ زان) (أصفهانی، ١٣٧٧، ص١٣)**. بەومەرجەی گەر کوڕ لەدایک بوو بۆ پیاوە مردووەکە بێت، بۆ پاراستن و درێژکردنەوەی هێڵی نەوە، بەواتایەکی تر کوڕی یەکەمی ئەگەر لەباوکێکی زیندووش بێت، وەک کوڕی پیاوە مردووەکە هەژمار دەکرا و مافی میراتگری تەواوی لە پیاوە مردووەکە وەردەگرت، بەمەش دڵنیا دەبوونەوە لەوەی کە مڵک و سامانی پیاوەکە بێ میراتگر **نامێنێتەوە(unvala, 1922, p.180)**. کاتێک کچ یان خوشکەکە بە ئیۆکزانی دەچوە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، پێویست بوو مڵک و ماڵی مردووەکە( باوک یان برا)، لەژێر چاودێریەکیووردا پارێزراوبێت، هەتا ئەوەی کوڕێک یان منداڵێک لەدایک دەبێت، پاشان موڵکەکە بۆ ئەو منداڵانە دەمێنێتەوە و کچەکە یان خوشکەکەش لەو مڵک و ماڵە پارێزراوەکەی(برا یان باوک) سوود مەند دەبوون **(باغبیدی، ١٣٨٤، ص١٨)**. هەندێک جار کچان دەیانتوانی تاکە میراتگری باوکیان بن و هەروەها هاوسەرگیری شاهانەش ئەنجام بدەن، بەڵام کاتێک باوکەکە دەمرێت و جگە لەم کچەکەش هیچ میراتگرێکی نیە، لەم کاتەدا کچەکە بە سەرپەرشتیار و میراتگری باوکی دادەنرێت، لەم حاڵەتەدا هاوسەرگیری شاهانەی کچەکە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام بەردەوام دەبێت لە ژیانکردن لەگەڵ هاوسەرەکەی و ژیانێکی ئاساییان بەڕێدەکرد، لێرە بەدواوە هاوسەرگیریەکەیان بە هاوسەرگیری شاهانە نەدەزانرا و بە هاوسەرگیری (یۆگ زان) ناودەبرا **(Macuch, 1993, p.176)**. ئەگەر مێردەکەی لێی جیابوەوە، کچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژێر حکومڕانی باوکەکە و بە میراتگری باوکەکە دادەنرێت، ئەو منداڵەش کە لەدایک بووە بە میراتگری فەرمی باوکی کچەکە هەژمار دەکرێت و سوود مەند دەبێت لە میراتی باوکی کچەکە کە دەبێتە (باپیری)، چیتر لەم حاڵەتەدا باوکەکە پێویستی بە

هاوسەرگیری**(یۆگزان)**نابێت، حوکمڕانی کچەکە دەگەڕێتەوە بۆ باوکی و هەمان پەیوەندییە ئابوورییەکانی پێشووی دەبێت**(Hjerrild, 1993, p. 81).**

## چەمکی میرات لە یاسای ساسانیدا

پێناسەی "میرات" و "موڵک" لە یاسای ساسانیدا بەم شێوازە هاتووە، چەمکی "میرات" بەشێوەیەکی گشتگیر تەنها لە گواستنەوەی موڵک و میراتی ماددی سەیرنەدەکرا، جگە لە زەویوزار و ماڵ و سامان، میرات ئەمانەشی دەگرتەوە وەک: (نازناو، دەسەڵات، پۆستی فەرمی، تەنانەت ئەرکی ئایین)یشی دەگرتەوە، موڵکەکان بە گشتی دەکران بە دوو جۆرەوە، **یەکەم:** موڵکی تایبەت بە تاکێک یان خێزانێکەوە گرێدرا بوو و دەتوانرا بە ئاسانی بگوازرێتەوە، **دووەم:** موڵکی خێزانی کە زیاتر موڵکی گشتی بوو و تایبەت بوو بە خێزانێکی گەورەتر یان هۆزێک، گواستنەوەی یاسای تایبەتی خۆی هەبوو **(Macuch, 1997, p.285)**بۆ تێگەیشتن لە چەمکی میرات لە یاسای ساسانیدا، پێویستە سەرەتا سەرچاوە یاساییەکان دەستنیشان بکرێن کە ئەم سیستەمەیان ڕێکخستووە، سەرەکیترین و بەنرخترین سەرچاوەی یاسایی بریتییە لە **(Mādayān-i Hazār Dādestān)** ، **(کتێبی هەزار یاسا یان هەزار حوکم)**کە کۆمەڵێک بڕیاری دادوەری و ڕێسای یاسایی سەردەمی ساسانییە و بە زمان و خەتی پەهلەوی نووسراوە، ئەم دەقە نەک تەنها چوارچێوەیەکی یاسایی گشتی دەستنیشان دەکات، بەڵکو وردەکارییەکانی پەیوەست بە میرات و گرێبەستەکان و مافی موڵکایەتی بە ڕوونی باس دەکات، بەسەرچاوەیەکی بێ وێنە دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە یاسای ساسانی **(Perikhanian, 1983,p.121)**.جگە لەم دەقە یاساییانە، ئایینی زەردەشتیش ڕۆڵێکی باڵا و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر چەمکی میراتدا هەبووە، دەقە ئایینییەکان وەک***دێنکارد*** **(Denkard)** و ***بوندەهیشن*** **(Bundahishn)**، **هەرچەندە بە** شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەقی یاسایی نین، بەڵام بنەما ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی زەردەشتیان خستووەتەڕوو کە کاریگەرییان لەسەر دارشتن و جێبەجێکردنی یاساکانی میرات هەبووە، چەمکی **"خوێشکاری (khwēškārī)** "یان ئەرکی خێزانی و پاراستنی ڕۆح و ناوی خانەوادە، هەموویان وەک هێزێکی پاڵنەر کاریان کردووە لە دیاریکردنی چۆنیەتی گواستنەوەی سامان و دەسەڵاتدا، بە جۆرێک کە گەرەنتی بەردەوامبوونی خێزان و بنەماڵەکان بکات **(Shaki, 1990, p.334).** زەویوزار وەک بەشێکی سەرەکی موڵکایەتی، بنەمای ئابووری زۆربەی خێزانە دەوڵەمەندەکان و ئاغاکانی پێکدەهێنا، سەرچاوەیەکی سەرەکی لایەنی ئابووری ئەو ڕۆژگارە بووە، یاسای ساسانی بە وردی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەم موڵکانەی دیاری دەکرد، بەتایبەتی کاتێک میراتگرێکی ڕاستەوخۆ لە ئارادا نەبوو یان کێشە لەسەر میرات دروست دەبوو، گرنگی پاراستنی ئەم موڵکانە زۆر بوو، چونکە بە سەرچاوەی هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی دادەنران **(Perikhanian, 1983, p.124).** مافی میراتگری لە یاسای ساسانیدا بەپێی پلەبەندی بوو، بە شێوەیەکی گشتی کوڕەکان بە تایبەتی کوڕی گەورە لە پلەی یەکەمدا بوو بۆ میراتگرتنی موڵک و دەسەڵات، وەرگرتنی نازناو و پۆستەکان زیاتر تایبەت بوو بە کوڕی گەورە، هەروەها کوڕەکانی تر مافیان هەبوو لە میراتدا بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر، ئەگەر کوڕێکیش پێش باوکی مردبێت، ئەوا مافی میراتەکەی دەگوازرایەوە بۆ (نەوەکانی)، لەکاتی نەبوونی کوڕ ، برا و خزمانی پیاو بۆ میرات دەهاتنە پێشەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە موڵک و ناوی خانەوادە لە

نێو بنەماڵەکەدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە **(Macuch, 1997, p. 290)**. هەرچەندە کچەکانیش مافی میراتیان هەبوو، بەڵام مافەکانیان سنووردارتر بوون و زیاتر پەیوەست بوو بە موڵکی تایبەت و مافی پێدانی میراتی تایبەت، ئەم ڕێکخستنانەی میرات لەناو دەوڵەتی ساسانیدا دڵنیایی تەواوی دەدا کە پێکهاتەی خێزانی و دەسەڵاتخوازی ئیپراتۆریەتەکە بەردەوام دەبێت**(Skjærvø, 2013, p. 20)**.

سیستەمی میرات لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بە دوو شێوەی سەرەکی جێبەجێ دەکرا: میرات بەپێی وەسییەتنامە و میرات بەبێ وەسییەتنامە، کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبوو، نووسینی وەسییەتنامە وەک لە دەقە پەهلەوییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، ڕێگەیەکی گرنگ بوو بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر داهاتووی موڵکەکانیاندا بهێڵنەوە، وەسییەتنامە دەیتوانی موڵکایەتی، ماف، ئەرکەکانی خێزان، تەنانەت ئایینیش دیاری بکات**(Perikhanian, 1983, p.131)**. دوای مردنی کەسێک، ئەم ڕێکارە یاساییە ڕێگەی دەدا کە سامان و دەسەڵات بەپێی ویستی خاوەنەکەی دابەش بکرێت، نەک تەنها بەپێی یاسا گشتییەکانی میرات، بەمەرجێک لە چوارچێوەی یاسای گشتیی ساسانیدا بێت، کەسە دەوڵەمەند و ئاغاکان زۆربەی کات وەسییەتنامەیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە گواستنەوەی سامان و دەسەڵات بە شێوازێک کە قازانجی خێزان و بنەماڵەکانیان بپارێزێت و لە هەمان کاتدا پێگەی کۆمەڵایەتییان بەهێز بکات، **(Macuch, 1997, p. 301)**، لە **(Mādayān-i Hazār Dādestān)**دا، **(کتێبی هەزار یاسا یان هەزار حوکم)** چەندین نموونە و حاڵەتی جیاواز خراوەتەڕوو کە چۆن وەسییەتنامە کاریگەری لەسەر میرات هەبووە و چۆن لە دادگاکاندا مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەمەش پیشاندەری گرنگی ئەم بەڵگەنامە یاساییە بووە لە سیستەمی میراتی ساسانیدا**(Perikhanian, 1983, p. 140)**.

بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی وەسییەتنامەدا، یان کاتێک وەسییەتنامەکە کەم و کورتی هەبوو یان نایاسایی بوو، ئەوکات یاسا گشتییەکانی میرات دەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم یاسایانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێن و پلەی خزمایەتی بوون، کە تێیدا کوڕەکان و براکان لە پێشینەدا لە پلەیەکی بەرزتر دادەنران، یاسا دیاری دەکرد کە چۆن موڵک و مافەکان دابەش بکرێن بەسەر میراتگرە یاساییەکاندا، بۆ ئەوەی دادپەروەری لە نێوان نەوەکاندا مسۆگەر بکرێت و بارودۆخێکی ئاسایی بێتەکایەوە و کێشە خێزانییەکان کەم بکرێتەوە**(Menasce, 1973, p.233)**. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، موڵکی باوکانە بە شێوەیەکی یەکسان یان بەپێی پلەی کوڕەکان دابەش دەکرا، بەڵام مافی میراتی کچ و ژنەکان هەندێک جار ئاڵۆزتر بوو و پەیوەست بوو بە جۆری موڵک و باری خێزانییانەوە، بۆنموونە: ئەگەر کوڕێک نەبوایە، زۆربەی کات کچەکان وەک میراتگر دیاری دەکران، بەتایبەتی ئەگەر کچێکی دامەزرێنەر بوو بێت کە ئەرکی پاراستنی ناوی خێزان و نەوەی پیاوانی لە ئەستۆ گرتبێت، ئەم دابەشکارییە یاساییە وردە، ئاڵۆزییەکی چالاکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ساسانی پیشان دەدات، چونکە پاراستنی هێڵی نێرینەی خێزان و بەردەوامبوون و پاراستنی ناوی بنەماڵە بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەبووە **(Skjærvø, 2013, p. 25)**.گواستنەوەی دەسەڵاتی پادشایەتی لە ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا، سەرەڕای بنەما گشتییەکانی میرات، پرۆسەیەکی ئاڵۆز بوو، سیستەمی جێنشینی پاشایەتی لەناو بنەماڵەی ساسانی دا لە زۆربەی کات کوڕی گەورەی پاشا وەک جێگرەوە دیاری دەکرا، بەڵام لە واقیعدا ئەم بنەمایە بەردەوام نەبوو و زۆرجار کێبڕکێی جێنشینی لەناو بنەماڵەی شاهانە،

پێویستی بە دەستتێوەردانی ئاغاکان و پیاوانی ئاینی هەبوو لەسەر دیاریکردنی پاشای نوێ (Daryaee, 2009, p. 54).ئەنجومەنی ئاغاکان و گەورە پیاوانی ئیمپراتۆریەت ڕۆڵێکی گرنگیان لە پشتگیریکردن و ڕەتکردنەوەی میراتگرەکاندا دەگێرا، بە تایبەتی لەو کاتانەدا ڕووی دەدا کە پاشا کوڕێکی نەبوایە یان کوڕەکانی لاواز بوونایە، تەنانەت هەندێک جار برا یان خزمی نزیکی پاشای کۆچکردوو وەک میراتگر هەڵدەبژێردران، هەندێک جاریش لە کاتی ناسەقامگیری سیاسی و سەربازیدا پێویست بوو کەسێکی بەهێز دەسەڵات بگرێتە دەست، بۆ پاراستنی دەوڵەت و چەسپاندنی مەرکەزیەت لەناو ئیمپراتۆرییەکەدا، لەم حاڵەتەدا گواستنەوەی دەسەڵات تەنها گواستنەوەی نازناو نەبوو، بەڵکو گواستنەوەی سەرکردایەتی (سەربازی، ئایینی، کارگێڕیش)بوو، کە هەمووی گرنگ بوون بۆ پاراستنی یەکپارچەیی ئیمپراتۆریەتەکە (Wiesehöfer, 1996, p.147). بۆ چینی ئاغاکان و دەرەبەگەکانیش، میرات تەنها گواستنەوەی سامانی ماددی نەبوو، بەڵکو پاراستن و بەردەوامبوونی پێگەی (کۆمەڵایەتی، نازناوی خێزانی، دەسەڵاتی ناوچەی)یش بوو، ئەم چینە زۆرجار خاوەنی زەوی زۆر و موڵکی فراوان بوون، کە بە سەرچاوەی سەرەکی هێزی سیاسی و ئابوورییان دادەنران، یاساکانی میرات دڵنیایی دەدا لەوەی کە ئەم زەوییانە بە یەکگرتوویی دەمێننەوە و دابەش نابن بۆ پارچەی بچووکتر کە هێزی بنەماڵەکە لاواز بکات، پێ دەچێت لە بەرامبەر ئەمەدا سیستەمێکی تایبەتیان پەیڕەو کردبێت، وەک گواستنەوەی زۆربەی موڵک و دەسەڵات بۆ یەکێک لە میراتگرەکان (Christensen, 1944, p. 129). (زۆرجار کوڕە گەورە) پشکی شێری بەردەکەوت لەم پرۆسەی وەرگرتنی دەسەڵاتدا، لەکاتێکدا میراتگرەکانی تر بەشێکی کەمتر یان پۆستێکی بچووکتر و تایبەتیان وەردەگرت، ئەمەش بۆ پاراستنی خێزان و گرنتی مانەوەیان بەشێوەیەکی درێژخایەن، هەروەها گرنگیدان بە پرۆسەی هاوسەرگیری و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، کە ئەم هاوسەرگیرییە کاریگەری لەسەر میرات دەبوو، چونکە ئەم هاوپەیمانێتی و هاوسەرگیرییە دەیتوانی ببێتە هۆی بەهێزکردنی بنەماڵە میراتگرەکان، لە (مادیانی هەزار دادستاندا) چەندین حاڵەت دەبینرێت کە پەیوەندی بە میراتی زەویوزاری ئاغاکانەوە هەیە، کە ئەمەش ووردبینی یاسای ساسانی پیشان دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەواوی ئەم بابەتەدا (Frye, 1984, p. 323 ).

## پرۆسەی جیابونەوە(تەڵاق) لەدەوڵەتی ساسانیدا: کۆتایی هێنان بە گرێبەستێکی پیرۆز

لە کۆمەڵگەی ساسانیدا خێزان یەکەیەکی بنەڕەتی بوو کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا دەگێڕا، ئەویش بۆ گەشەکردنی بنەماڵە و بەردەوامبونی کۆمەڵگای زەردەشتی، لەناو ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا پرۆسەی جیابونەوەش بەسیستمێکی گرنگی ئایینی و یاسایی دادەنرا، پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوازێکی زۆر تۆکمە ڕێکخرابوو، بۆ مانەوەی بنەماڵە و پاراستن و سەقامگیری خێزان و هێنانی وەچەیەکی باش بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت ئەرکە ئاینییەکان جێ بە جێ بکات(Boyce, 1979, p.110)، بەگشتی جیابونەوە بە پرۆسەیەکی دژوار سەیردەکرا، لەهەمان کاتیشدا پرۆسەیەک بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەنەکراوەکان، چونکە پێویست بوو ئەو کێشانە یەکلابکرێنەوە بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی ناکۆکی قوڵ لەناو چینەکانی کۆمەڵگا و زیان بە داهاتووی خێزان و کۆمەڵگا بگەیەن،

جیابونەوە قبوڵ کراو بوو لەناو ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بەمەرجێک بەپێی یاسا و ڕێساکانی ئەوکاتەی ساسانیەکان بێت، لە دەوڵەتی ساسانیدا چەندین هۆکاری جۆراو جۆر هەبوو بۆ ڕێگەدان بە هێنانەکایەی پرۆسەی جیابوونەوە، کە هەندێکیان لەگەڵ لایەنە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکاندا دەگونجان، لەکاتێکدا هۆکارەکان هەندێکی پەیوەندی بە پیاوانەوە هەبوو و هەندێکیشی پەیوەندی بە ژنانەوە هەبوو(perikhanian, 1997, p.129).

❖**نەزۆکی:** نەزۆکی یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی پرۆسەی جیابونەوە بوو، چونکە لە ئایینی زەردەشتیدا ئامانجی سەرەکی پرۆسەی هاوسەرگیری بریتی بوو لە بەرهەم هێنانی(وەچە) منداڵ بەتایبەتی ڕەگەزی نێر، چونکە هۆکارێک بوو بۆ بەردەوامبوونی خێزان و جێ بە جێکردنی ئەرکە ئاینییەکانی دوای مردن(Menasce, 1973, p.243).

❖**خیانەتی هاوسەرگیری:** بە قێزەونترین کار هەژمار دەکرا لەناو ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا، چ لەلایەن پیاو یان ژن ئەنجام درابا هیچ جیاوازییەکی نەبوو، بەتاوانێکی گەورە هەژمار دەکرا و بە شکێنەری گرێبەستی پیرۆز تەماشا دەکرا، سزاکان بۆ ژنان قورستربوون و هەندێک جار دەبووە مایەی لەدەستدانی مافەکانیان و هەندێک جاریش سزایی جەستەیی دەدران، ناپاکی پیاوانیش هۆکاریک بوو بۆ ئەوەی ژنانیش داوای جیابونەوە بکەن، یاساکانی ساسانی سزای توندی بۆ ئەم کارە ناشیرینانە دانابوو، ئەم سزا جۆراو جۆرانە نیشانەی تۆکمەی یاساکانی ساسانی و پاراستنی پاکێتی خێزانی کۆمەڵگەی ساسانی نیشان دەدات ( perikhanian, 1997, p.131).

❖**رفتاری خراپ:** هەندێک لە دەقە یاساییەکانی سەردەمی ساسانی باس لەوە دەکەن کە ڕفتاری خراپی یەکێک لە هاوسەران بەرامبەر یەکتر، بەتایبەتی پیاوان بەرامبەر ژن، بەیەکێک لە هۆکارەکانی کۆتایی هێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری(**جیابونەوە**) دادەنرێت، ئەم جیابونەوەش بەهۆی هەبوونی کێشەی قوڵەوە سەرچاوەی دەگرت، لەم حاڵەتەدا دادگاکان دەستێوەردانیان دەکرد و بڕیاری جیابونەوەیان دەدا، ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە لە کۆمەڵگای پیاو سالاریشدا سنورێک بۆ ڕفتارە خراپەکانی پیاوان دانرابوو (modarressi, 1993, p.35).

❖**بەجێهێشتن:** هەرکاتێک یەکێک لە هاوسەرەکان بەبێ هیچ هۆکارێکی ئایینی و یاسایی هاوسەری ژیانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەجێهێشتبێت، ئەوا بەجێهێڵراو چی پیاو بێت یان ژن مافی ئەوەی هەبوو داوای جیابونەوە بکات، زۆرجار ئەو ماوەیە بەپێی بارودۆخی ڕۆژگار جیاواز بوو، بەڵام زۆرجار ئەو ماوەیە بە سێ ساڵ دیاریدەکرا (perikhanian, 1997, p.131).

❖**گۆڕینی ئایین:** لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا زۆربەی کاتەکان ئایینی فەرمی وولات ئایینی زەردەشتی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەم ئایینەشدا چەندین ئایینی دیکە بوونی هەبووە، وەک(یەهودییەت و مەسیحیەت)، ئەگەر یەکێک لە هاسەرەکان ئایینەکەی گۆڕی بۆ ئایینێکی تر، ئەوا هاوسەرەکەی تر دەتوانێت داوای جیابونەوە تۆمار بکات و پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆز هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە یەکێتی ئایینی خێزان بە بنەمایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و ئایینی دادنرا (dhabhar, 1932, p.177).

❖**نەخۆشی درێژ خایەن یان نەخۆشی دەروونی:** لەناو دەوڵەتی ساسانیشدا نەخۆشی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و جیابونەوەش هەبووە، هەندێک

لەسەرچاوەکان بەتایبەتی **(Mādayān-i Hazār Dādestān) کتێبی هەزار یاسادا** هاتووە، کە نەخۆشی قورس و درێژخایەن و بێتوانایی دەروونی کاریگەری گەورەی لەسەر بەجێهێنانی ئەرکی ڕۆژانەی هاوسەران بە جێدەهێشت، لە ئەنجامدا هۆکارێک بوو بۆ لەیەک جیابونەوەی هاوسەران و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی هاوسەرگیری **(Menasce, 1973, p.245)**.

## ڕۆڵی دەسەڵاتی ئایینی و یاسایی لە پرۆسەی جیابونەوە لەناو ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا

بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی کێشە بەردەوام و ئاڵۆزەکان لەناو خێزانەکاندا و یەکلاکردنەوی کێشەکان بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەدەسەڵاتی پیاوانی ئایینی(موبەدەکان) هەبوو، هەربۆیە موبەدەکان نەک تەنها دەسەڵاتی ئایینیان هەبوو بەڵکو وەک دادوەر و ڕاوێژکار لەکاروباری کۆمەڵگا و خێزانەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان دەگێڕا، کاتێک کێشەیەک لەناو خێزانێکدا دروست دەبوو، هاوسەرەکان دەچوونە لای موبەدێک یان کۆمەڵەیەکی موبەدەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان، موبەدەکان ڕاستەوخۆ دەست تێوەردانیان دەکرد و دەچوونە ناو پرۆسەکەوە، ئامانجی موبەدەکان لەم پرۆسەیەدا چارەسەرکردنی کێشەکان بوو لە ڕێگەی ئامۆژگاری ئایینی و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەقە یاساییەکانەوە، بۆ ڕێگری کردن لە هەڵوەشانەوەی خێزانەکان لەناو کۆمەڵگەی ساسانیدا**(Frye, 1984, p. 308)**. ئەگەر هەوڵەکانی یەکخستنی خێزانەکان سەرکەوتوو نەبوایە ئەوا دۆسییەکانیان دەنارد بۆ دادگا زەردەشتییەکان، دانیستنەکە لەلایەن موبەدانی شارەزا لە ئایین و یاسا بەڕێوە دەبرا، ئەوکات موبەدان گوێیان بۆ سکاڵاکانی هەردوولا دەگرت و بەپێی یاساکانی بنەماکانی زەردەشت و **( Mādayān-i Hazār Dādestān)(کتێبی هەزار یاسا)** و نەریتە باوەکان بڕیاری کۆتایی دادگایان دەدا، دەبوو هەردوولا پابەندبن بە بڕیارەکانەوە، ئەمەش دەرخەری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی پتەوی دادگاکانی زەردەشتی پیشان دەدات **(modarressi, 1993, p.36)**.

## ئەنجام

لێکۆڵینەوە لە میرات و پرۆسەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی (٢٢٤-٦٥١ز)دا، بوونی سیستەمێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی بەیەکەوە گرێدراو نیشان دەدات، کە لەسەر بنەماکانی بیری ئایینی زەردەشتی و فیقهی دەوڵەت دامەزراوە، ئەم سێ دامەزراوەیە سیستەمێکی بەیەکەوە گرێدراویان پێکهێنا کە لە هەمان کاتدا پلەبەندی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیای ئایینی و پێکهاتە ئابوورییەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی بەهێزتر کرد، لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییە خێزانییەکان تەنیا بابەتی تایبەت نەبوون، بەڵکو ئامرازی سەرەکی نەزمی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ناو ئیمپراتۆریەت بوون، هاوسەرگیری وەک پەیمانێکی پیرۆز و هەم وەک دامەزراوەیەکی یاسایی ڕۆڵێکی کارایی لەگەشەکردنی چینەکانی ناو کۆمەڵگای ساسانی هەبوو، هاوسەرگیری تەنیا یەکێتییەکی کەسی نەبوو بەڵکو پابەندبوونێکی یاسایی و ئەخلاقی بوو کە گواستنەوەی ڕەچەڵەک و موڵک و ماڵی لەناو تۆڕەکانی خزمایەتی مسۆگەر دەکرد و پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێزتر دەکرد، شەرعیەتی بە میرات دەدا و بەردەوامیی ڕەچەڵەکی مسۆگەر دەکرد، یاساکانی میرات بۆ

پاراستنی هاوسەنگی ئابووری لەناو خێزانەکاندا داڕێژراون، بە تایبەتی جەختیان لەسەر جێنشینی بنەماڵەیی و پاراستنی موڵک و ماڵ و بەردەوامکردنی کولتورەکانی باوباپیران دەکردەوە، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری یاسا، ئایین، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. دۆزینەوەکان ئاشکرایان کرد کە میرات لە کۆمەڵگەی ساسانیدا سیستەمێکی ئاڵۆز بووە و تەنها بە گواستنەوەی موڵکایەتی ماددی سنووردار نەبووە، بەڵکو بۆ سەرجەم میراتییەکان کاری پێ دەکرا. یاسای ساسانی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کتێبی مەدایانی هەزار دادستاندا ڕەنگی دابووەوە و بناغەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕێکخستنی ماف و ئەرکەکانی میراتگران دابین دەکرد، دەرکەوت میرات بە وەسیەتنامە و بەبێ وەسیەتنامە بۆ گواستنەوەی موڵک و سامان بەسەر میراتگراندا کاری پێدەکرێت، هەروەها وەسیەتنامە دەسەڵاتێکی بەرچاوی بە تاک دەدا بۆ دیاریکردنی مڵک و سامانی خۆی لە داهاتوودا. هەروەها پێکهاتەی چینایەتی و جێندەر، کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان لەسەر مافەکانی میراتگرەکان هەبوو، لە کاتێکدا پیاوان بە تایبەت کوڕی گەورە، پێشینەیان هەبوو لە میراتگرتنی موڵکی خێزان و دەسەڵاتی سیاسیدا، ژنانیش مافی میراتیان هەبوو، بەڵام زۆرجار مافەکانیان سنووردارتر بوو و پەیوەست بوو بە موڵکی تایبەت و پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە، جیابوونەوەش هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە دانپێدانرابوو، بەڵام بە وردی ڕێکخرابوو بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خێزان و پاراستنی لایەنی ئەخلاقی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی دەوڵەت بوو بۆ ئاشتکردنەوەی مافەکانی تاک لەگەڵ سەقامگیری بەکۆمەڵ، تێکەڵکردنی ئەم نۆرمە یاساییانە لەگەڵ عەقیدەی ئایینی زەردەشتی، دیدگای ساسانی بۆ کۆمەڵگایەک ئاشکرا دەکات کە لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئیلاهی و ووردبینی یاساییەوە بەڕێوەدەبرێت، وابەستەیی یەکتر لە نێوان پراکتیکی یاسایی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا سیستەمێکی دروستکرد کە هەم دەسەڵاتی ئیمپراتۆری و هەم ناسنامەی کۆمەڵایەتی بەهێزتر کرد، لە بنەڕەتدا مۆدێلی ساسانی نموونەی ئەوە بوو کە چۆن یاسا و ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەتوانن یەکبگرن و ببنە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو کە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بپارێزێن، لە کۆتاییدا یەکخستنی یاسای هاوسەرگیری و جیابونەوە و میرات لە ئێرانی ساسانیدا، بە کۆکردنەوەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆرییەت، توانیان بناغەیەکی پتەو دابمەزرێنن کە بۆ ماوەیەک دوور و درێژ کاریگەری لەسەر نەریتە یاساییەکانی دواتری فارسی و ئیسلامی هەبوو.

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


١.باقر، تەها، (٢٠١٨)، *سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانیەتە دێرینەکان*، وەرگێرانی: عوسمان عەزیز عەلاف و کەمال نوری مەعروف، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، تاران: چاپخانەی تاران.

٢.جەمیل، کەلسومە، (٢٠١٨)، *مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک*، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانە و نوسینگەی تەفسیر.

٣.العابد، مفید رائیف محمود، (٢٠١٠)، *مێژووی دەوڵەتی ساسانی*، وەرگێرانی: عەبدوڵڵا گەرمیانی، چاپی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی سایە.

٤.کریستێنسێن، ئارتوور،(٢٠١١)، وەرگێرانی/ سەلاحەدین ئاشتی، چاپی دووەم، سلێمانی:چاپخانەی شڤان.

٥.گیرشمەن، ڕۆمەن، (٢٠١٣)، *مێژووی ئێران لەسەرەتاوە تا هاتنی ئیسلام*، وەرگێرانی: سەلاحەدین ئاشتی، تاران: چاپخانەی تاران.

٦.ئازاد ئەنوەر، کەیوان، (٢٠١٩)، *مێژووی ئیمپراتوریەتی ساسانی*، چاپی سێیەم، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

٧.ئیبن ئەسیر، عیزەدین، (٢٠١٠)، *تەواوی مێژوو*، وەرگێرانی: زاهیر محەمەد ڕەشید، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١.الحسني، بدر عبدالله، (٢٠٢٠)، *نظام الأسرة في مصر القديمة*، المنوفية: كلية الحقوق، جامعة المنوفية.

٢.الحمادي، صباح جاسم، (د.ت) 'الجذور التاريخية لنظام الزواج في وادي الرافدين'، *مجلة كلية الآداب*، العدد (١٠٢)، بغداد: جامعة بغداد.

٣.الصافوري، محمد علي، (٢٠٠٧)، *تاريخ القانون المصري*، بيروت: دار النهضة العربية للنشر والتوزيع.

٤.الهاشمي، رضا، (١٩٧١)، *نظام العائلة في العهد البابلي القديم*، بغداد: (ناشر غير محدد).

٥.يونس، وسنا حسون، (٢٠١٢)، 'أهمية الدم الملكي في انتقال العرش في مصر القديمة'، *مجلة سر من رأى*، المجلد (٨)، العدد (٣٠)، سامراء: جامعة سامراء.

## سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

١.آذرگشسب، اردشیر، (١٣٥١)، *مقام زن در ایران باستان*، جلد اول، تهران: (ناشر نامشخص).

٢.آموزگار، ژاله، (١٣٧٤)، *تاریخ اساطیری ایران*،تهران.

٣.بویس، مری، (١٣٩٨)، *زرتشتیان: باورها و آداب دینی آن‌ها*،ترجمەی عسکر بهرامی، چاپ پانزدهم، تهران: انتشارات ققنوس.

٤.پورداود، ابراهیم، (١٣٦٩)، *فرهنگ ایران باستان*، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

٥.پیرنیا، حسن، (١٣٧٣)، *ایران باستان یا تاریخ مفصل ایران*، جلد اول، چاپ ششم، تهران: دنیای کتاب.

٦.حجازی، بنفشه، (١٣٨٥)، *بررسی جایگاه زن از عهد باستان تا پایان دوره ساسانیان*،جلد اول، چاپ اول، تهران: قصیدەسرا.

٧.دریایی، تورج، (١٣٨٨)، *ساسانیان*، ترجمەی محمود فاضلی بیرجندی، تهران: انتشارات ققنوس.

٨.دریایی، تورج، (١٤٠٣)، *شاهنشاهی ساسانی*، چاپ دوازدهم، تهران: انتشارات ققنوس.

٩.دوستخواه، جلیل، (١٣٧٠)، *اوستا: کهن‌ترین سرودها و متن‌های ایرانی*، تهران: انتشارات مروارید.

١٠.رضایی باغبیدی، حسن، (١٣٨٤)، 'روایت آذرفرنبغ فرخزادان'، در *دائرةالمعارف بزرگ اسلامی* .تهران.

١١.زرین‌کوب، عبدالحسین، (١٣٦٤)، *تاریخ مردم ایران (ایران قبل از اسلام)*، چاپ پنجم، تهران: انتشارات امیرکبیر.

١٢.سلطانی، فاطمه، (١٣٨٨)، *ازدواج در ایران باستان*، چاپ اول، قم: (ناشر نامشخص).

١٣.اصفهانی، صفا، (١٣٧٧)، *روایت امید اشوهشتان*، تهران: نشر مرکز.
١٤.علوی، هدایتالله، (١٣٧٧)، *زن در ایران باستان*، تهران: انتشارات هیرمند.
١٥.کاتراک، جمشید کاوس، (١٣٤٢)، *زناشوئی در ایران باستان*، ترجمەی رستم شهرزادی، چاپ اول، تهران: (ناشر نامشخص).
١٦.کریستنسن، آرتور، (1402)، *ایران در زمان ساسانیان*، ترجمەی رشید یاسمی، چاپ هفتم، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
١٧.لوکونین، ولادیمیر گریگوریویچ، (١٣٦٣)، *تمدن ایران ساسانی*، ترجمەی عنایتالله رضا، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
١٨.وحدتی هلان، یونس (١٣٩١)، *ارزش و مقام زن در ایران باستان*، چاپ اول، تبریز: (ناشر نامشخص).

## چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزی و بیانییەکان

1.Boyce, M. (1979) *Zoroastrians: Their Religious Beliefs and Practices*. London: Routledge & Kegan Paul. (Note: Later editions exist, e.g., 2001).
2.Choksy, J.K. (1989) *Purity and Pollution in Zoroastrianism: Triumph Over Evil*. Austin: University of Texas Press.
3.Christensen, A. (1944) *L'Iran sous les Sassanides*. Copenhagen: Levin & Munksgaard.
4.Daryaee, T. (2009) *Sasanian Persia: The Rise and Fall of an Empire*. London: I.B. Tauris.
5.Daryaee, T. (2013) 'Marriage, Property and Conversion among the Zoroastrians: From Late Sasanian to Islamic Iran', *Journal of Persianate Studies*, 6(2), pp. 1-15.
6.Dhabhar, B.N. (1932) *The Persian Rivayats of Hormazyar Framarz and Others*. Bombay: K.R. Cama Oriental Institute.
7.Frandsen, P.J. (2009) *Incestuous and Close-Kin Marriage in Ancient Egypt and Persia: An Examination of the Evidence*. Copenhagen: Museum Tusculanum Press.
8.Frye, R.N. (1963) *The Heritage of Persia*. Cleveland: World Publishing Company.
9.Frye, R.N. (1984) *The History of Ancient Iran*. Munich: C.H. Beck.
10.Frye, R.N. (1985) 'Zoroastrian incest', in Gnoli, G. and Lanciotti, L. (eds.) *Orientalia Iosephi Tucci Memoriae Dicata*. Rome: IsMEO.
11.Frye, R.N. (1983) The History of Ancient Iran. Munich: C.H. Beck.
12.Hjerrild, B. (1993) 'Ayōgēn: Women between father and husband in Sasanian era', in Skalmowski, W. and Van Tongerloo, A. (eds.) *Medioiranica: Proceedings of the International Colloquium*. Leuven: Peeters.
13.Hjerrild, B. (2003) *Studies in Zoroastrian Family Law: A Comparative Analysis*. Copenhagen: Museum Tusculanum Press.
14.Macuch, M. (1981) *Das Sasanidische Rechtsbuch Mātigān-i Hazār Dātistān (Teil II)*. Wiesbaden: Deutsche Morgenländische Gesellschaft.
15.Macuch, M. (1993) *Rechtskasuistik und Gerichtspraxis zu Beginn des siebenten Jahrhunderts in Iran: Die Rechtssammlung des Farroḫmard ī Wahrāmān*. Wiesbaden: Harrassowitz.
16.Macuch, M. (2004) 'Inheritance i. Sasanian Period', in *Encyclopaedia Iranica*, Vol. XIII, Fasc. 2, pp. 125-131.
17.Menasce, J.P. de (1973) *Le Troisième Livre du Dēnkart*. Paris: Klincksieck.

18.Modarressi, H. (1993) ‘The Jurisprudence of the Sasanian Law’, *Journal of the American Oriental Society*, 113(1).
19.Morony, M.G. (2005) *Iraq After the Muslim Conquest*. New Jersey: Gorgias Press.
20.Perikhanian, A.G. (1997) *Sasanian Society: Laws and Customs of the Sasanian Period*. Translated by L.P. Semenov. Costa Mesa, CA: Mazda Publishers. (Also known as *The Book of a Thousand Judgments*).
21.Perikhanian, A.G. (1983) Society and Law of Iran in the Parthian and Sasanian Periods. Moscow: Nauka, Main Editorial Office of Oriental Literature.
22.Rezai Baghbidi, H. (2011) ‘New light on the Middle Persian-Chinese bilingual inscription from Xi’an’, in Maggi, M. and Orsatti, P. (eds.) *The Persian Language in History*. Wiesbaden: Reichert, pp. 105–115.
23.Shahbazi, A.S. (2001) *Sasanian Dynasty: The Royal Titles and Ideology*. Rome: Istituto Italiano per il Medio ed Estremo Oriente (IsMEO).
24.Shayegan, M.R. (2011) *Arsacids and Sasanians: Political Ideology in Post-Hellenistic and Late Antique Persia*. Cambridge: Cambridge University Press. (Note: Listed in your source as 2003 "Zoroastrians...", which seems incorrect for Shayegan. This is his major work).
25.Shaki, M. (1990) ‘Marriage: Traditional and Islamic Forms’, in *Encyclopaedia Iranica*. (Online Edition).
26.Skjærvø, P.O. (2013) ‘Marriage II: Next-of-Kin Marriage in Zoroastrianism’, in *Encyclopaedia Iranica*, Vol. 19, Fasc. 2.
27.Unvala, M.R. (1922) *Darab Hormazyar's Rivayat*. 2 Vols. Bombay: British India Press.
28.Vahidi, M. (2017) ‘Marriage in Sasanian Society’, *Iranian Studies*, 50(6), pp. 861-881.
29.Wiesehöfer, J. (2001) *Ancient Persia: From 550 BC to 650 AD*. Translated by A. Azodi. London: I.B. Tauris.

**First: Kurdish sources**

1. Baqer, Taha, (2018), An Introduction to the History of Ancient Civilizations, Translated by Osman Aziz Allaf and Kamal Nuri Ma'roof, Volume 2, First Edition, Tehran: Tehran Printing House.
2. Jamil, Kalsuma, (2018), Ancient Near Eastern History, Third Edition, Erbil: Tafsir Printing House and Office.
3. Al-Abd, Mofid Raif Mahmoud, (2010), History of the Sassanid State, translated by Abdullah Garmiani, second edition, Sulaimani: Saya Printing House.
4. Christensen, Arthur, (2011), translated by Salahaddin Ashti, second edition, Sulaimani: Shvan Printing House.
5. Gershman, Roman, (2013), History of Iran from the Beginning to the Advent of Islam, translated by Salahuddin Ashti, Tehran: Tehran Printing House.
6. Azad Anwar, Keywan, (2019), History of the Sassanid Empire, Third Edition, Sulaimani: Chawarchra Printing House.
7. Ibn Asir, Ezadin, (2010), Tawy Mijho, Translation: Zahir Mohammed Rashid, Volume 2, Second Edition, Sulaimani: Chawarchra Printing House.

**Second, the Arabic sources**

1. Al-Hassani, Badr Abdullah, (2020), The Asra System in Ancient Egypt, Al-Manofiya: Faculty of Law, Al-Manofiya University.
2. Al-Hamadi, Sabah Jassim, (D.T.) 'Historical roots of the marriage system in Wadi al-Rafdin', Journal of the Faculty of Arts, No. 102, Baghdad: Baghdad University.

3. Al-Safouri, Mohammed Ali, (2007), History of Egyptian Law, Beirut: Arab Renaissance House for Publishing and Distribution.
4. Al-Hashmi, Reza, (1971), The Family System in the Old Babylonian Testament, Baghdad: (Unspecified Publisher).
5. Younis, Wasna Hassun, (2012), 'The Importance of Royal Blood in the Transfer of the Throne in Ancient Egypt', Sur Min Ra'i Magazine, Volume 8, Number 30, Samarra: Samarra University.

**Third, Persian sources**

1. Azargashsab, Ardeshir, (1972), Maqam Zn Dar Ancient Iran, Volume 1, Tehran: (Anonymous Publisher).
2. Amouzgar, Zhaleh, (1995), Tarikh Asatiri Iran, Tehran.
3. Boyce, Mary, (2010), Zoroastrians: Their Religious Beliefs and Etiquette, translated by Askar Bahrami, 15th edition, Tehran: Qaqnus Publishing House.
4. Pourdavood, Ebrahim, (1980), Culture of Ancient Iran, Tehran: Tehran University Publishing House.
5. Pirnia, Hassan, (1994), Ancient Iran or Detailed History of Iran, Volume 1, Sixth Edition, Tehran: World of Books.
6. Hejazi, Banfsheh, (2006), Barrsi Jaygae Zn Az Ahad Bastan Ta Payan Dura Sassanian, Vol.
7. Daryaei, Turj, (2009), Sassanian, translated by Mahmoud Fazeli Birjandi, Tehran: Qaqnus Publishing House.
8. Daryaei, Turj, (1403), Sassanid Empire, 12th edition, Tehran: Qaqnus Publishing House.
9. Dostkhah, Jalil, (1991), Master: The Oldest Iranian Hymns and Texts, Tehran: Pearl Publishing House.
10. Rezaei Baghbidi, Hassan, (2005), 'Narrative of Azar Farnbagh Farkhzadan', Islamic Encyclopedia. Tehran.
11. Zrin Kub, Abdul Hossein, (1985), Tarikh Mardum Iran (Iran before Islam), fifth edition, Tehran: Amir Kabir Publishing House.
12. Sultani, Fatemeh, (2009), Marriage in Ancient Iran, first edition, Qom: (Anonymous Publisher).
13. Isfahani, Safa, (1998), Narrative of Omid Ashohshtan, Tehran: Nashr-e Markaz.
14. Alavi, Hedayat Allah, (1998), Women in Ancient Iran, Tehran: Hermand Publishing House.
15. Katrak, Jamshid Kaws, (1963), Znashoi in Ancient Iran, translated by Rustam Shahrzadi, first edition, Tehran: (Anonymous publisher).
16. Christensen, Arthur, (1402), Iran in the Sassanid Language, translated by Rashid Yasmi, seventh edition, Tehran: Tehran University Publishing House.
17. Lukunin, Vladimir Grigorievich, (1984), Civilization of Sassanid Iran, translated by Enayatullah Reza, Tehran: Scientific and Cultural Publishing Company.
18. Wahdati Halan, Younis (2012), The Value and Status of Women in Ancient Iran, 1st edition, Tabriz: (Anonymous Publisher).

**Fourth, English and foreign sources**

30.Boyce, M. (1979) *Zoroastrians: Their Religious Beliefs and Practices*. London: Routledge & Kegan Paul. (Note: Later editions exist, e.g., 2001).
31.Choksy, J.K. (1989) *Purity and Pollution in Zoroastrianism: Triumph Over Evil*. Austin: University of Texas Press.

32.Christensen, A. (1944) *L'Iran sous les Sassanides*. Copenhagen: Levin & Munksgaard.
33.Daryaee, T. (2009) *Sasanian Persia: The Rise and Fall of an Empire*. London: I.B. Tauris.
34.Daryaee, T. (2013) 'Marriage, Property and Conversion among the Zoroastrians: From Late Sasanian to Islamic Iran', *Journal of Persianate Studies*, 6(2), pp. 1-15.
35.Dhabhar, B.N. (1932) *The Persian Rivayats of Hormazyar Framarz and Others*. Bombay: K.R. Cama Oriental Institute.
36.Frandsen, P.J. (2009) *Incestuous and Close-Kin Marriage in Ancient Egypt and Persia: An Examination of the Evidence*. Copenhagen: Museum Tusculanum Press.
37.Frye, R.N. (1963) *The Heritage of Persia*. Cleveland: World Publishing Company.
38.Frye, R.N. (1984) *The History of Ancient Iran*. Munich: C.H. Beck.
39.Frye, R.N. (1985) 'Zoroastrian incest', in Gnoli, G. and Lanciotti, L. (eds.) *Orientalia Iosephi Tucci Memoriae Dicata*. Rome: IsMEO.
40.Frye, R.N. (1983) The History of Ancient Iran. Munich: C.H. Beck.
41.Hjerrild, B. (1993) 'Ayōgēn: Women between father and husband in Sasanian era', in Skalmowski, W. and Van Tongerloo, A. (eds.) *Medioiranica: Proceedings of the International Colloquium*. Leuven: Peeters.
42.Hjerrild, B. (2003) *Studies in Zoroastrian Family Law: A Comparative Analysis*. Copenhagen: Museum Tusculanum Press.
43.Macuch, M. (1981) *Das Sasanidische Rechtsbuch Mātigān-i Hazār Dātistān (Teil II)*. Wiesbaden: Deutsche Morgenländische Gesellschaft.
44.Macuch, M. (1993) *Rechtskasuistik und Gerichtspraxis zu Beginn des siebenten Jahrhunderts in Iran: Die Rechtssammlung des Farroḫmard ī Wahrāmān*. Wiesbaden: Harrassowitz.
45.Macuch, M. (2004) 'Inheritance i. Sasanian Period', in *Encyclopaedia Iranica*, Vol. XIII, Fasc. 2, pp. 125-131.
46.Menasce, J.P. de (1973) *Le Troisième Livre du Dēnkart*. Paris: Klincksieck.
47.Modarressi, H. (1993) 'The Jurisprudence of the Sasanian Law', *Journal of the American Oriental Society*, 113(1).
48.Morony, M.G. (2005) *Iraq After the Muslim Conquest*. New Jersey: Gorgias Press.
49.Perikhanian, A.G. (1997) *Sasanian Society: Laws and Customs of the Sasanian Period*. Translated by L.P. Semenov. Costa Mesa, CA: Mazda Publishers. (Also known as *The Book of a Thousand Judgments*).
50.Perikhanian, A.G. (1983) Society and Law of Iran in the Parthian and Sasanian Periods. Moscow: Nauka, Main Editorial Office of Oriental Literature.
51.Rezai Baghbidi, H. (2011) 'New light on the Middle Persian-Chinese bilingual inscription from Xi'an', in Maggi, M. and Orsatti, P. (eds.) *The Persian Language in History*. Wiesbaden: Reichert, pp. 105–115.
52.Shahbazi, A.S. (2001) *Sasanian Dynasty: The Royal Titles and Ideology*. Rome: Istituto Italiano per il Medio ed Estremo Oriente (IsMEO).
53.Shayegan, M.R. (2011) *Arsacids and Sasanians: Political Ideology in Post-Hellenistic and Late Antique Persia*. Cambridge: Cambridge University Press. (Note: Listed in your source as 2003 "Zoroastrians...", which seems incorrect for Shayegan. This is his major work).
54.Shaki, M. (1990) 'Marriage: Traditional and Islamic Forms', in *Encyclopaedia Iranica*. (Online Edition).

55.Skjærvø, P.O. (2013) ‘Marriage II: Next-of-Kin Marriage in Zoroastrianism’, in *Encyclopaedia Iranica*, Vol. 19, Fasc. 2.
56.Unvala, M.R. (1922) *Darab Hormazyar's Rivayat*. 2 Vols. Bombay: British India Press.
57.Vahidi, M. (2017) ‘Marriage in Sasanian Society’, *Iranian Studies*, 50(6), pp. 861-881.
58.Wiesehöfer, J. (2001) *Ancient Persia: From 550 BC to 650 AD*. Translated by A. Azodi. London: I.B. Tauris.